# ژیری دەستکرد
# دەردە یان دەرمان

ئالان قەرەداغی

٢٠٢٦

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: ژیری دەستکرد دەردە یان دەرمان
نوسەر: ئالان قەرەداغی
بابەت: زانستی - تەکنەلۆژیا
ساڵی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٦

## پێڕست ........................................ لاپەڕە

پێشەکی .............................................................. ٦
پەیامێک! .............................................................. ٩
ژیری دەستکرد چییە؟.................................................. ١١
مێژووی ژیری دەستکرد .............................................. ١٤
پێش سەدەی بیستەم .................................................. ١٥
ژیری دەستکرد لە ١٩١٤ بۆ ١٩٤٠ ................................ ١٧
ژیری دەستکرد چۆن کاردەکات ..................................... ٢٤
هەڵەکانی ژیری دەستکرد ............................................ ٢٨
بەرپرسیارێتی هەریەکەمان.......................................... ٣٠
بەرپرسیارێتی ئەکادیمی ............................................ ٢٦
مەترسییەکانی ژیری دەستکرد ..................................... ٣٧
کۆنترۆڵکردنی کار ................................................... ٣٨
چەندێ قازانجم کرد لە ژیری دەستکرد؟ ........................... ٤٢
تەنانەت پزیشکەکانیش بێکار دەبن ................................. ٤٦
دروستکردنی خانوو بە ماوەی سێ ڕۆژ............................. ٤٧
ژیری دەستکردن شوێنی کام کار ناگرێتەوە؟ ..................... ٤٧
بردنی داتاکان بە ناڕاستەوخۆ....................................... ٥٣
هۆشداری بۆ بەڕێوبەرانی قوتابخانەکان ........................... ٦٠
ئایە خوێندکاران ئەتوانن بەهۆی ژیری دەستکردەوە پرسیار ببەن؟ ............................................................ ٦١

کۆپیکردن و دروستکردنی دەنگ .................................. ٦٣
پیسبوونی ژینگە .............................................................. ٦٥
لەگەڵ ئەم چاتانە زۆر بەڕێز مەبە! .................................... ٦٦
نەمانی توانای بیرکردنەوە .................................................. ٦٧
هەڵگەڕانەوە لە مرۆڤ ...................................................... ٦٩
داهاتووی ژیری دەستکرد بە کوێ دەگات؟ .......................... ٧١
ئایە ئێمە بەکارهێنراوین یان بەکاردەهێنرێین؟.................. ٧٢
تەنانەت ئەکرێ دەنگ و بیرکردنەوەشمان وەربگرن...... ٧٤
ڤێکتەر چییە؟ ................................................................ ٨١
ڤێکتەر داتابەیس ............................................................ ٨١
چۆن کاردەکات ................................................................ ٤٢
ئەگەر ڕۆژێک ڕوویدا و ژیری دەستکرد لە مرۆڤ هەڵگەڕایەوە
تاکە چارەسەر چییە؟ ........................................................ ٨٩
تاکەی بەکارهێنەر بین؟! .................................................. ٩٠
نرخاندن ڕازێکی گەورەی داهێنان .................................... ٩١
نەبوونی سەرکێشی گەورە .................................................. ٩٩
نەبوونی پاڵپشتی بەردەوامی حوکمەت ............................ ١٠٤
بچوککردنەوەی بەرهەمەکان لە ناوخۆدا .......................... ١٠٤
لەکوێوە دەسپێبکەم؟ ...................................................... ١٠٥
زمانەکانی پرۆگرامسازی چییە؟ ........................................ ١٠٦
بیرکاری بنچینەی کاری پرۆگرامسازی .............................. ١٠٨

بیرکاری لە کۆمپیتەردا چۆن کاردەکات؟ ............................ ١٠٩
زمانەکانی پرۆگرامسازی ................................................... ١١٠
لە کام زمانەوە دەسپێبکەم؟ .............................................. ١١١
توڵەکانی ژیری دەستکرد .................................................. ١١٢
دیپ سیک ................................................................... ١١٢
خوێندکاران چۆن ئەتوانن سود لەم چاتە وەربگرن؟ .......... ١١٣
چات جی پی تی ........................................................... ١١٧
کلاود ......................................................................... ١١٧
مامۆستایان چۆن ئەم چاتە بەکاربێنن؟ .............................. ١١٩
جیمینای ..................................................................... ١٢٢
زێد ئەی ئای ............................................................... ١٢٣
کۆتای ........................................................................ ١٢٥

## پێشەکی

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

چەک و بابەتی جەنگ ئەگەر بدرێتە دەست کەسانێک کە پەروەردەی لەگەڵ نەبێت ئەوا چەتە و ڕێگر و کەسی خراپەکار دروستەکات، بەڵام ئەگەر چەک بدرێتە کەسێک پەروەردە و بەکارهێنانی دروستی لەگەڵ بێت، کەسانی شۆڕشگێڕ و چاکەخواز دروستدەکات، چەقۆ ئەگونجێت بەدەست کەسێکەوە بێت کەسێکی پێ بکوژێت، ئەشگونجێ بەدەست کەسێکەوە بێت سێوێکی پێ بێت سێوەکەی پێ لەت بکات و لەگەڵ کەسیکی تر بیخوات، ژیری دەستکرد و تەکنەلۆژیاش بە گشتی بەو جۆرەیە، ئەگونجێ لایەنی خراپەی هەبێ و کەسانی خراپ دروست بکات، ئەگونجێ کەسانی باش دروست بکات، کەواتە ئەتوانین بڵێین ژیری دەستکرد و تەکنەلۆژیا بە گشتی پەروەردەکردنەکەی دیاری دەکات کە دەردە یا دەرمانە بۆ چارەسەری دەردەکان.

ڕۆژێک لە قوتابخانە یەکێ لە مامۆستاکانمان کە زۆر دژی پێشکەوتن و کرانەوە بوو، زوو زوو ئەیوت مامۆستا

بچۆ بۆ ئەو پۆلانە باسی زیانەکانی موبایلیان بۆ بکە گوێ بۆ تۆ ئەگرن، زۆر ئەم قسەی دوبارە ئەکردەوە، منیش خۆم باوەڕم بەوە نەبوو، باوەڕم بەوە نەبوو کە موبایل بەو جۆرە خراپ بێت کەو ئەو ئەیویست بۆ قوتابیەکانی باس بکەم، بۆیە هەر خۆم لێ لائەدا، ڕۆژێک زۆری بۆ هێنام وتم باشە، چوومە پۆلێک زۆر کاتم بە قسەکردنەوە نەگرت هەر ئەوەنەم وت "ڕۆڵە ئەم موبایلە وەکو چەقۆ وایە، چەقۆ ئەتوانیت سێوێکی پێ لەت بکەیت و لەگەڵ برادەرەکەت بەیەکەوە بیخۆن، ئەشتوانیت برادەرەکەتی پێ بکوژیت، بۆیە ناتوانین بڵێین موبایل خراپە یان باش، ئەوە کەوتۆتەوە سەر ئەوکەسەی کە چۆن بەکاری ئەهێنێت"

ساڵی ٢٠٠٤ کاتێک تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەلایەن مارک زوکەربێرگ و هاوڕێکانیەوە دروستکرا و بڵاوکرایەوە، مەبەستیان لە دروستکردنی ئەو تۆڕە ئەوەبوو، کە دوای تەواوکردنی زانکۆ خوێندکارەکان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەردەوامبێت و لێکدانەبڕێن، بەڵام بینیمان دوای چەند ساڵێک تۆڕی

کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەلایەک بووە هۆی ئەوەی کە خەڵک زیاتر یەک بناسن، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندییە ڕاستەقینە کۆمەڵایەتیەکەشی کوشت، کەواتە هەموو داهێنان و تەکنەلۆژیایەک کە دێتەبەرهەم، هەردوولایەنی باش و خراپی هەیە، بەڵام ئەوەیان کەوتۆتەوە سەر خۆمان کە ئایە تا چەند ئامادەین بۆ بەکارهێنانی بە باش یان بە خراپ.


لەم کتێبەدا هەوڵەدەین بە کورت و پوخت باسێکی ئەم پێشکەوتنە خێراییەی تەکنەلۆژیا بکەین، لەگەڵ بەرپرسیارێتی هەرکەسێکمان لە باش بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیاکە و سود لێوەرگرتنی، لەگەڵ چەند باسێکی تر دەربارەی مەترسیەکان و هەڵەکانی ژیری دەستکرد، چۆنێتی خۆپاراستن لە هەڵەکانی، لە کۆتای کتێبەکەش چەند توڵ و بەرنامەیەکی ژیری دەستکرد ئەناسین کە کارەکانی ڕۆژانەمان زۆر ئاسانتر دەکات.

ئالان قەرەداغی

سلێمانی

٢٠٢٦/١/١٦

## پەیامێک!



کاتێک ئەفلامکارتۆنێک یان فلیمێک یا ئەنیمەیشـــنێک دروســـتەکرێ و بڵاوەکرێتەوە، ئەو کۆمپانیای دروســـتی ئەکا پارەیەی زۆری تیا سەرف ئەکات جگە لە ماندووبونی لایەنی هونەری و دەنـگ و کـارەکـانی تر، زۆرجـار ئەو ئەنیمەیشـــن و فلیمـانەی کە ئەیبینیـت لەوانەیە چەنـد خولەکێکی زیـاتر لە مـانگێکی پێچوبێ بۆ بەرهەمهێنـانی، بـاشـــە کە فلیمێک یـا ئەفلامکـارتۆنێک بەو قورســـی و خەرجـیـیـیە زۆرەوە بەرهەمـدێـت ئەکـرێ هەر بـۆ چێژوەرگرتن بێت؟! نەخێر

زۆرینەی ئەو ئەنیمەیشـــن و فلیمانەی بەرهەمدێت جگە لە لایەنی چێژوەرگرتن، دیوێکی تری هەیە کە نهێنییە، هەندێکیان باســـی بابەتێکی ڕۆژ دەکات، یان لایەنێکی کۆمەڵگا پیشـــان ئەدات، هەندێکیان داهاتوویەک پیشـــان ئەدات و پێمان ئەڵێت کە ئەمە باشـــترە و ئاوا پێی ئەگەین، هەندێکیان پێشـــبینی ڕوداوێک یا ســـەردەمێکی جیاواز ئەکات.

لەو دیمەنەی ئەفلامکارتۆنی تۆم و جێری، کاتێک ژنەکە پشیلەیەکی دەستکرد ئەهێنێت بۆ ڕاوکردنی مشکەکە، تۆم کۆڵ و بارەکەی داوە بەســـەر شـــانیا و بە نیگەرانیەوە ئەڕوات، ماوەیەک پشـیلە دەسـتکردەکە ئیشـەکانی زۆر بە باشی دەکات و مشکەکە هەراسان دەکات، بەڵام لەکۆتای ئەفلامکارتۆنەکە پشـیلە دەسـتکردەکە کێشـەی بۆدروسـت دەبێت و تۆم دەگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی خۆی.

ئەگەر بە وردی ســـەیری ئەو دیمەنە بکەین ڕەنگە ئەم پەیامەی هەڵگرتبێت کە دەڵێت "ژیری دەســـتکرد کارەکان کۆنترۆڵ دەکات، بەڵام بوونی ڕۆحیەت و خۆشـەویسـتیت

بۆ کارەکە گرنگترە و تاکە شتێک کە ژیری دەستکرد نەتوانێت بیکات بوونی هەست و سۆزە"

## ژیری دەستکرد چییە؟

ژیری دەستکرد زیرەکییەکە مرۆڤ دروستی کردووە و بەردەوام دروستی دەکات بۆ ئاسانتر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی، زیرەکییەکە زۆربەی کات بەهۆی کۆمپیتەر یا ڕۆبۆتێکەوە دەبێت، واتە لەڕێگەی ڕۆبۆتێک یا کۆمپیتەرێکەوە دروستەکرێت.

بەگشتی ئەتوانین بڵێین هەموو ئەو ئامێر و ڕێگایانەی کە دروستەکرێ بۆ ئەوەی ئەرکەکانی خۆمان بە ئاسانتر ئەنجامبدەین جۆرێکە لە زیرەکی دەستکرد، مەرج نییە زیرەکی دەستکرد هەر کۆمپیتەر و پرۆگرامینگ بێت، تەنانەت ئەکرێ بڵێین ئامێری دروستکردنی زەڵاتەش زیرەکیەکی دەستکردە، چونکە زیرەکیەکە مرۆڤ دروستی کردووە بۆ ئەوەی لەبری ئەوەی خۆی بە چەقۆ و بە کاتێکی زۆر تەماتە و خەیار قاژ بکات، لەڕێگەی ئامێرێکەوە ئەو کارە دەکات، بەڵام ئەم ئامێرە هیچ لایەنێکی پرۆگرامسازی تیا بەکارنەهاتووە، بەڵکو لەبری

ئەوە چەند یاســـایەکی فیزیای میکانیکی تیا بەکارهاتووە، بۆ نمونە چەنجارەکردنەوەی هێز لەڕێگەی دیشـلـەکان کە پێشی ئەوترێت پولی، بەهۆی چەند دیشلەیەکەوە کە لەناو ئامێرەکە ڕێکخراوە یەک جار هێزی سوڕانەوەی چەقۆکان ئەکـاتە دوو هـێنـدە و چـوار هـێنـدە، واتە بە یەک جـار سـوڕانەوە دەسـتت چەقۆکان چوارجار ئەسـوڕێنەوە، ئەم یـاســـایە وا ئەکـات تۆ یەک هێزت ببێتە چوار بەم جۆرە کارئاســـانیەکی زۆرت بۆ دەکات، ئەو زیرەکیەی کە خۆت بەکـارتەهێنـا بۆ قـاژکردنی خەیـار و تەمـاتە لەڕێگەی یاســـایەکەوە ئامێرێکت پێ دیزاینکردووە، بۆیە ئەتوانین بڵێین تەنانەت ئامێری زەڵاتەدروســـتکردنیش جۆرێکە لە زیرەکی دەســـتکرد، بەڵام میکانیکی و بێ پرۆگرام، بەڵام ئەگەر بمانەوێ زۆر بە وردتر باسی بکەین ژیری دەستکرد زیـاتـر لەبـواری پـرۆگـرامســـازی و کـۆمـپـیـتەر خـۆی ئەبینێتەوە، ئەگەر بە وردتر بـاســـی لێوە بکەین نـاکرێ بە هەموو پرۆگرامێکی کۆمپیتەریش بڵێین ژیری دەســـتکرد، چونکە ئەگەر زۆر تیا وردبینەوە ژیری دەســـتکرد ئەوەیە کە خۆی شـیکاری بکات خۆی بیربکاتەوە و گۆڕانکاری لە

پێدانەوەی ئەنجامەکاندا بکات، واتە بەردەوام خۆی نوێبکاتەوە بۆ ئەوەی ئەنجامێکی زیاتر و باشترت بداتێ.

بۆ نمونە کاتێک پرۆگرامێکی کۆمپیتەر دروستەکەین ئەگەر ئەم پرۆگرامە تەنها فەرمانی پێبدەین و ئەنجامەکەیمان بداتێ و هەموو جارێک هەمان ئەنجام و بێ گۆڕانکاری بێت و خۆی هیچ زیاد و کەم نەکات، ئەمە پێی ناوترێت ژیری دەستکرد بەو وردیەی کە باسمان کرد، بەڵکو ژیری دەستکرد پرۆگرامێکە کە لەناو ئەو فەرمان و زانیاریانەی تۆ پێی ئەدەیت خۆی بتوانێت زانیاری تر دروست بکات، لێکدانەوە و شیکاری بۆ زانیاریەکان بکات، ئەنجامی جیاوازتر بداتێ و بەردەوام خۆی نوێ بکاتەوە.

لە بەرەنجامدا ئەگەر بە گشتی باسی بکەین لە ئامێرێکی زەلاتەکردنەوە تا سۆپەرکۆمپیتەرێک کە کارەکانی مرۆڤ ئاسان دەکات ئەتوانین بە هەریەکەیان بڵێین ژیری دەستکرد، بەلام ئەگەر وردبینەوە و بابەتەکە تایبەت بکەین بە بواری پرۆگرام و سیستەمی کۆمپیتەر و موبایل، تەنها ئەو بەرنامە و پرۆگرامانە ژیری دەستکردن کە

توانای خۆنوێکردنەوە و شـــیکاری و لێکدانەوەی زانیاریەکانیان هەیە.

## مێژووی ژیری دەستکرد

لەکاتێکدا ئێمە لەم چەند سـاڵەی دوای زیاتر بە وشـەی (ژیری دەســتکرد) ئاشــنابووین ئەویش زیاتر لەڕێگەی ناســینی چاتەکانی چات جی پی تی و دیپ سـیک و هـاوشـێوەکـانی، بەڵام لە ڕاســتیدا ژیری دەســتکرد، مێژووەکەی زۆر کۆنترە، چونکە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە خەون بەوەوە دەبینێت کە ئـامێرێـک دروســت بکـات کارەکانی خۆی ئاســان بکات دواتر بیرەکاتەوە ئامێرێک دروستبکات پێویسـتی بە مرۆڤ نەبێت و خۆی کارەکان بکات تا بگاتە ئەو ڕادەیەی خۆی بیربکاتەوە، ئەم هەوڵدانە وایکردووە لە دێرزەمـانەوە مرۆڤ بۆ ســەرەتـایترین کارەکانی ژیانی ئامێری ســادە لە کەرەســتەی ســاددە دروست بکات وەک چەقۆ و گۆزە و پێداویستیەکانی تری ڕۆژانە، دواتـر لەســەر بـنەمـای خەیـاڵـکردن هەوڵـی دروستکردنی چەندین ئامێر و زیرەکی تری داوە، بەشێک لەو خەیـاڵانەش لەســەر بەرد و کەرەســتە کۆنەکـان

هەڵکەندراون و وێنای کراوە، کە تا ئێستاش بەشێکی ماوەتەوە ئەگونجێ هەر ئەو خەیاڵە بوبێتە هۆی دروستکردنی بەشێکی زۆری ئەم تەکنەلۆژیای کە ئێستا هەیە.

## پێش سەدەی بیستەم

لە ساڵی ١٧٢٦ جۆناسان سویفت ڕۆمانێکی بڵاوکردەوە بەناوی (گەشتەکانی گولیڤەر) تییدا بە تەنزەوە باسی ئەوە دەکات کە دەڵێت بەهۆی ئامێرەکانی نوسینەوە لەوکاتەدا کە بەهۆی پارچە دارەوە پیتەکانی لەسەر کێشراوە و بە بەکارهێنانی بەیەکەوە، کەسێک ئەگەر نەزانیش بێت ئەتوانێت کتێبێکی پێ بنوسێت.

دیارە مەبەست لە وتەکەی ئەوەبووە کە نوسین بەهۆی دروستکردنی ئەو ئامێرەوە ئەوەندە ئاسان بووە کە هەموو کەسێک ئەتوانێت کتێبێکی پێ بنوسێت چونکە بە ئاسانی ئەو ئامێرە ئەتوانێت پیتەکانی بۆ لەنزیک یەک ڕیز بکات و وشە و ڕستەی لێ دروست بکات، ئەو قسەیە لە ئێستا تەواو پشتڕاستکراوەتەوە و دروستبوونی ئەلگۆریزمەکان و مۆدیلەکانی ژیری دەستکرد

ئەیسەلمێنێ کە ئەو کارەی پێشتر نوسەرەکان بە کاتێکی زۆر بە قورسی بۆیان بە ئەنجام دەگەشت ئێستا بە ئاسانتر کەسێک ئەتوانێت بیکات کە لەوانەیە زۆر شارەزایشی لە بابەتەکە نەبێت، چونکە ئێستا بەهۆی ئەلگۆریزم و ژیری دەستکرد ئەتوانین وشەکان بەپێی مەبەستەکانمان یەک بخەین و ڕستە و کتێبی لێ دروست بکەین.

ئەمە نمونەیەکی سادەیە کە سالّی ١٧٢٦ هەستی پێکراوە، بۆ ئەو کاتە ڕەنگە ناونەنرابێ ژیری دەستکرد، بەلاّم ئەو ئامێرەی کە ئەوکات کاری چاپ و نوسینی پێکراوە ئەتوانین بلّێین بۆ سەردەمی خۆی جۆرێک بووە لە ژیری دەستکرد.

بۆیە ئەگەر لە سادەترین پێداویستی مرۆڤەوە باسی بکەین و بگەڕێینەوە بۆ مێژوو لە سالّی ١٩١٤ بەش بەش باسی دەکەین تا سالاّنی دوو هەزارەکان کە دواتر ژیری دەستکرد زیاتر لە بوارەکانی کۆمپیتەر و پرۆگرامینگ خۆی بینیەوە.

# ژیری دەستکرد لە ١٩١٤ بۆ ١٩٤٠

سالّی ١٩١٤

سالّی ١٩١٤ ئەندازیارێکی ئیسپانی بەناوی (لیۆناردۆ تۆرێس) لە شاری پاریس لە پێشانگای یونیڤێرسێل ئامێرێکی یاری شەترەنجی نمایش کرد بەناوی (ئێلّ ئەجێدرێسیستا) کە تەواوی جولّەکانی یاریەکەی بە کارۆموگناتیسی دروستکردبوو، تەواوی جولّەکان ئۆتۆمتایکی بوو، واتە پێویستی بە مرۆڤ نەبوو، ئەیتوانی جولّە هەڵەکانی بەرامبەرسیش بناسێتەوە، واتە ئەگەر بەرامبەر شتێک بە هەڵە بجولّێنێت ئاماژەی پێدەکرد کە ئەو جولّە هەڵەیە، و ئەگەر شوێنی جولّەکە بردنەوە بوایە ئاماژەی پێدەکرد کە یاریەکەی بردۆتەوە.

## سالّی ١٩٢١

بۆیەکەمجار لە سالّی ١٩٢٠ بۆ ١٩٢١ لە زمانی ئینگلیزی وشەی (ڕۆبۆت) لەلایەن شانۆنوسێکی چیکی بەناوی کارڵ چاپیک بەکاردەهێنرێت، ئەویش لەکاتێکدایە کە لە لەندەن شانۆنامەیەک دەکرێتەوە بەناوی (ڕۆبۆتە گشتگیرەکانی ڕۆسۆم)، وشەی ڕۆبۆت لە زمانی ئینگلیزی

بەرامبەرە بە وشـــەی (ڕۆبۆتـا) لە زمـانی چیکی، بەڵام لە زمـانی چیکی ئەم وشـــە مـانـایەکی زیـاتر هەڵدەگرێت، بە واتـای بەکارهێنانی کارێک بەزۆر، یا بە زەحمەتێکی زۆر، یـا کـارێـک بە نـاچـاری دێـت، تەنـانەت بەپێی هەنـدێـک ســـەرچـاوە بە واتــای کـۆیـلایەتـی دێـت، و بەپێـی ئەو ســـەرچـاوانەش وشـــەکە لە ســـلاڤیکیەوە لە کۆیلەوە وەرگیراوە.

دوای بڵاوبونەوەی شـــانۆکە، وشـــەی (ڕۆبۆت) بە خێرایی بڵاوبۆوە و وەک وشـــەیەکی نێودەوڵەتی بووە ستاندارد بۆ ئامێرە میکانیکییەکان یا دەستکردەکان کە بۆ ئەوە دروستکرابوون ئەرکەکانی مرۆڤ ئاسان بکەن.

## ساڵی ١٩٣٩

مامۆســتای فیزیا و بیرکاری بەناوی (جۆن ڤێنیســێنت ئاتاناســۆڤ) کە دەرچووی زانکۆی کلیفۆر بێری بووە لە ئەمریکا، بە تێچووی ٦٥٠ دۆلار کۆمپیتەرێک دروستەکات کە بۆ ئەو کاتە بە سـەرەتایتترین کۆمپیتەرە دیجیتاڵیەکان دانراوە، کۆمپیتەرەکەش ناو ئەنێ ئاتاناسۆڤ.

هەرچەندە کە کۆمپیتەرەکە زۆر بەکارنەئەهات، بەڵام بووە هۆی ناساندی چەندین چەمک کە دواتر ئەو چەمکانە بەکارهێنران بۆ دروستکردنی کۆمپیتەری ئاست بەرزتر.

تا ئەو ساڵە کۆمپیتەرەکانی پێشوو بۆ کارکردن پشتیان بە سیستەمی ژمارەی دەیی دەبەست ( Decimal systems)، بەڵام کۆمپیتەری ئەی بی سی، سیستەمی ژمارەی دوانی (باینەری) بەکارهێنا، دوای ئەم ئیتر سیستەمی باینەری بوو بە ستاندارد بۆ کۆمپیتەرەکان و ئیتر کۆمپیتەر بە سیستەمی ژمارەی دوانی بەکارهێنا و تا ئەمڕۆش هەر بەو جۆرەیە.

سالّی ١٩٤٣

دوو کەس بە ناوەکانی وارن وەکۆلۆچ و واڵتەر پیتس توێژینەوەیەک بلاّو دەکەنەوە بە ناونیشانی "حساباتی لۆژیکی بیرۆکەکانی پەیوەست بە چالاکی دەمارەکان" ئەم بیرۆکەیە کە ئێستا بەشێکی سەرەکی زیرەکی دەستکرد کاری لەسەر دەکات، توێژینەکە باس لەوە دەکات کە دەتوانین مێشک وەک سیستەمێکی حساباتی

تێبگەین و چەمکی تۆڕە دەمارییە دەستکردەکان ڕوندەکاتەوە کە ئێستا بەشێکە لە ژیری دەستکرد.

سالّی ١٩٥٠

بیرکاریزانی بەریتانی ئالان تیورینگ وتارێکی لە ڕۆژنامەی (مایند) بلاّوکردەوە بە ناونیشانی "ئامێری کۆمپیتەر و زیرەکی" وتارەکە باس لەم پرسیارە دەکات ئایە ئامێرەکان دەتوانن بیربکەنەوە؟ ئەمە بناغەیەک بوو بۆ دامەزراندنی ڕێبازی تیورینگ بۆ گفتوگۆ لەسەر داهاتووی ئامێرەکان، ئەم ڕێبازە ئێستا بە تاقیکردنەوەی تیورینگ ناسراوە، جگە لەو پرسیارەی پێشوو کاری لەسەر ئەم پرسیارەش کرد کە ئایە ئامێرەکان دەتوانن ڕەفتارێکی زیرەک بکەن هاوشێوەی مرۆڤ؟

سالّی ١٩٥١

مارڤین مینسکی و دێن ئیدمۆندز یەکەم تۆڕی دەماری دەستکرد دروستدەکەن.

سالّی ١٩٥٢

بیرکاریزان و زانای بواری کۆمپیتەر ئالن نیوێلّ، لەگەلّ کەسایەتی سیاسی هێربێت سیمۆن، بەرنامەیەکی

کاریگەر گەشـەپێدەدەن کە یەکەم کەسـن بتوانن ئەو کارە بکەن و بەرنامەیەک دروسـتکەن هاوشـێوەی کێشـەکانی مرۆڤ چارەسەر بکات.

سالّی ١٩٥٥

بـۆ یەکەمـجـار زاراوەی "ژیـری دەسـتـکـرد" لە وۆرکشۆپێکدا بلاّوکرایەوە لەژێر ناونیشانی "پێشنیارێک بۆ پرۆژەی توێژینەوەی هـاوینەی دارتمۆس لەسـەر زیرەکی دەستکرد" کە وۆرک شۆپەکە لەلایەن هەریەک لە چۆن مەکارتی لە کۆلێژی دارتمۆس، مارڤین مینسـکی لە زانکۆی هارڤارد، ناتانیڵ ڕۆچێستەر لە کۆمپانیای ئای بی ئێم، کلۆد شانۆنەوە پێشکەش کرا.

ئەو وۆرکشـۆپە کە لە سـالّی دواتر واتە سـالّی ١٩٥٦ بەڕێوەچوو، بە گشـتی بە ڕۆژی لەدایکبوونی فەرمی گەشەسەندنی زیرەکی دەستکرد دادەنرێت.

سالّی ١٩٥٧

فـرانـک ڕۆزنـبـلات کە دەروونـنـاس و زانـای بـواری کۆمپیتەر بوو، تۆڕێکی دەستکردی سەرەتایی دروستکرد بەناوی پەرسێپترۆن، کە توانای ناسینەوەی نەخشەکانی

هەبوو لەســەر بنەمـای فێربوونی کۆمپیتەر، تۆڕەکە دەتوانێـت لەڕێگەی ئەلگۆریزمەکـانی فێربوونەوە لە داتاکانەوە فێرببێت، هەرچەن ئەم تۆڕە توانای ســنوردار بوو، بەڵام بە بناغەی تۆڕە دەمارییەکان دانرا.

سالّی ١٩٥٨

جۆن مەکارتی زمانی پرۆگرامسـازی لیسـپ ٤ دروسـت دەکـات، زمـانەکە لەســەر ئەلگۆریزمەکـان و لۆژیکی بیرکاری پەرەپێدراوە، ئەم زمانە زیاتر لەسـەر خواسـتی ئەوە پەرپێـدرا کە بتوانێـت مـامەڵە لەگەڵ زانیـارییە هێمـادارەکـانـدا بکـات، ئەمە یەکێکە لەو زمـانەی کە لە توێژینەوەکانی بواری زیرەکی دەسـتکرد ئەکرێ ئاماژەی پێبدرێت.

سالّی ١٩٥٩

لەم ســالّەدا زاراوەی "فێربوونی ئـامێری" داهێنرا، لەلایەن ئـارســەر ســـاموێـل، ئەویش پـاش ئەوەی کە بەرنامەیەکی کۆمپیتەری دروسـتکرد، سـاموێل لەڕێگەی ئەو بەرنـامەوە ئەوەی پیشـــاندا کە دەکرێـت کۆمپیتەر

بەرنامەی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی یاسا پێشوەختە دیارییکراوەکان جێبەجێ بکات، و لە ئەزموونەوە فێرببێت.

سالّی ١٩٦٥

فەیلەسوف ڕۆبێرت دریفوس، وتارێک بڵاودەکاتەوە تێیدا دەڵێت"عەقڵی مرۆڤ لە بنەڕەتدا جیاوازتر لە کۆمپیتەرەکان کار دەکات" واتە پێشبینی دەکات کە پێشکەوتنەکانی ژیری دەستکرد سنوردار بێت، دوای بڵاوکردنەوەی ئەو وتارەش موشتومڕ لەسەر سنورداری ژیری دەستکرد دروستبوو.

هەر لەو ساڵانەدا باسی مەترسییەکانی زیرەکی دەستکرد کرا لە داهاتوودا، ئەویش ئەویش پاش بڵاوکردنەوەی وتارێک بەناوی "گریمانەکان بە یەکەم ئامێری زۆر زیرەک" کە تێیدا باسی ئەوە کراوە کاتێک ئامێرێک زۆر زیرەک دروست بوو ئەوا دەتوانێت سیستەمی زیرەکیش دیزاین بکات، کە ئەمەش ئەبێتە دوا داهێنانی مرۆڤایەتی.

ساڵ بە ساڵ ژیری دەستکرد بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باسی لێوەکرا و گەشەی کرد، ئەگەر بە

وردی بمانەوێ باسی هەموو ساڵەکان بکەین و گۆڕانکاری لە گەشەکردنی ژیری دەستکرد ئەوە ئەبێت بەتەنها کتێبێک بەس لەسەر مێژووەکەی بنوسین، بۆیە بەپێویستی ئەزانم کاتی خوێنەر زیاتر بدرێت بە لایەنی بەکارهێنان و بەرپرسیاریێتی و ئەوەی کە بۆ ئەم ئەمڕۆ پێویستە، بەڵام هەر بۆ بەرچاوڕوونی لێرە بە پوختی ئەتوانین بەم شێوە ڕیزبەندی گەشەسەندنی بکەین دوای ساڵی ١٩٦٦.

قۆناغی پرۆگرامی پێشکەوتوو (١٩٨٠–١٩٩٠)

قۆناغی ئامێرەکان (٢٠٠٠–٢٠١٠)

قۆناغی فێربوونی قوڵ (٢٠١٠–٢٠٢٠)

قۆناغی گەشەی خێرا (٢٠٢٠–ئێستا)

## ژیری دەستکرد چۆن کاردەکات؟

لە سەرەتادا چاتبۆتە سەرەتاییەکان جۆرێک بوون لەو کورتە پرسیار و وەڵامە جێگیرانەی کە لە زۆر سایت و ئەپ هەن، ئەوانەی کە بە FAQ ناسراون، چەند پرسیار و وەڵامێکی جێگیر و دیاریکراو و زۆر باون، کە لای بەکارهێنەران هەن، واتە داتایەکی جێگیربوون، نەئەتوانرا

پرســـیاری لێبکەیت و مەبەســـتی خۆتی پێبگەیەنیت و ئەویش وەڵامی جیـاوازت بـداتەوە، نەخێر، تەنهـا ئەو پرســـیـار و وەڵامـانە هەبوو کە تیـایـدا جێگیرکرابوو، نەئەتوانرا پرسیاری ئاڵۆز وەڵام بداتەوە.

بە تـێـپەڕبـوونـی کـات چـاتـبـۆتەکـان لەڕێـگەی ئەلگۆریزمەکـانیـانەوە توانـای ئەوەیـان پێـدرا کە بتوانن پرســـیاری ئاڵۆز وەڵام بدەنەوە و بە زمانی ســـروشـــتی مرۆڤ لێکدانەوە بۆ پرســـیارەکان بکەن و وەڵام بدەنەوە بە هەمان زمانی سروشتی مرۆڤ.

لە ئێســـتادا چاتبۆتەکانی زیرەکی دەســـتکرد بۆ ئەوەی ڕێ لە هەڵەی تایپ و ڕێنوســـی بگرن تێگەشـــتن لە زمانی ســـروشـــتی NLU بەکـارەهێنن، NLU کە کورتکراوەی Natural Language Understanding واتە تێگەشـــتن لە زمانی سـروشـتی، واتە زمانی ئاسـای قسـەکردنی خەڵک، بەهۆی بەکـارهێنـانی ئەم زمـانەوە جگە لەوەی ڕێگری ئەکات لە وەرگرتنی وشـــەی هەڵە و ڕێنوســـــی هەڵە، هاوکات لە مەبەســت و داواکاریەکان بە باشــتر تێدەگات، کەواتە ئەکرێ بڵێین بنەمـای کـارکردنی بەو جۆرەیە کە

داواکاریەکەت وەرەگرێت و لەگەڵ زمانی سروشتی مرۆڤ بەراوردی ئەکات ئەیکا بە هاوشێوەی زمانی مرۆڤ، دواتر بەپێی داواکاریەکەت وەڵام کۆئەکاتەوە و پوختەی ئەکات و دوبارە بە شێوەی زمانی سروشتی مرۆڤ دای ئەڕێژێتەوە تا لەگەڵ مەبەستەکەی تۆ یەک بگرێتەوە و بە ئاسانی لێی تێبگەیت.

ئەگەر بەشێوەیەکی زۆر سادە باسی بکەین کارکردنی ژیری دەستکرد بە جۆرێکە کە لە ماوەیەکی کەمدا گەڕانێکی ورد دەکات، دواتر بەپێی داواکاریەکەی تۆ زانیارییەکان پوخت و کورت دەکاتەوە، دواتر لێکدانەوە بۆ زانیاریەکان دەکات و بەپێی سیاسەت و ئەو شێوازەی کە بۆی دانراوە زانیاریەکان پاڵفتە دەکات و ئەنجامەکەت پێدەدات.

ئەگەر چۆنێتی کارکردنی بە نمونەیەک باس بکەین، وەک بەرنامەی truecaller وایە، لە بەرنامەی تروکاڵەر کاتێک کەسێک تەلەفونت بۆ دەکات یەکسەر ئەڵێ ئەو کەسە ناوی ئەوەیە، باشە چۆن ئەزانێ؟

کاتێک تۆ بەرنامەی تروکاڵەر دائەبەزێنیت بەرنامەکە داوای ڕەزامەندی ئەوەت لـێ ئەکـا کە داتـای نـاو موبایەلەکەت بەکاربێنێت، لەناو موبایەلەکەی تۆ و چەند کەســێکی تر بۆ نمونە ژمـارە موبـایلی ٠٧٧٣٨٣١٣٤١٢ بەناوی ئالان خەزن کراوە، ئۆتۆمـاتیکی ئەو نـاوە لەگەڵ ئەو ژمارە بەیەکەوە داغڵی داتابەیســی کۆمپانیاکە دەبێت، بۆیە هەرکەس گەڕان بۆ ژمارەکە بکات، ئەو ناوە ئەهێنێت، کە نـاوەکەی لە مـوبـایـلـی ئەوانـی تـرەوە وەرگـرتـووە، هەربۆیە کە لە هەڵەکاندا باســی دەکەین ئەگونجێ هەندی لە زانیاریەکان ڕاست نەبن.

کاتێک تۆ پرسیاری بابەتێک لە ژیری دەستکرد دەکەیت، ژیری دەستکرد لە ماوەیەکی کەمدا چەندین سایت و پەیج دەگەڕێت وەڵامەکەت بۆ دەهێنێت و پوختەی دەکات، ئیتر ئایە وەڵامەکە تا چەند ڕاستە ئەوەیان زیاتر سەرچاوەکان لێی بەرپرسن.

## هەڵەکانی ژیری دەستکرد

وەک هەر تەکنەلۆژیایەکی تر ژیری دەستکردیش ئەگونجێ هەڵە بکات لە وەڵامدانەوە و پێدانی زانیاری هەڵەکانیش ئەکرێ هۆکاری جیاوازی هەبن، ئێمە لێرەدا باسی دوو هۆکاری سەرەکی ئەکەین کە لە وەڵامدانەوەی هەڵە بەکاریەت، ئەویش ئەم دوو هۆکارەیە:

- هێنانی زانیاری هەڵە
- وەڵامدانەوە ئەگەر وەڵامیشی پێ نەبێت

خاڵی یەکەم هێنانی زانیاری هەڵە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ئەکرێ بەهۆیەوە وەڵامێکی هەڵەمان دەسکەوێت لە ژیری دەستکرد کاتێک پرسیاری لێ دەکەین، ئەویش بەم شێوە ڕوودەدات، لەوکاتەی پرسیارەکەی لێ دەکەین بۆ نمونە ئەڵێین فلانە کەس خەڵکی چ وڵاتێکە، یەکسەر وڵام ئەداتەوە ئەڵێ خەڵکی فلانە وڵاتە، لەوانەیە ئەو وەڵامەی هەڵەبێت، بەڵام ئەو وەڵامەی لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە دەسکەوتووە، کەواتە هەڵەکە لەو سەرچاوانەدایە کە زانیاریەکەی تێدایە، بۆ نمونە وەڵامی پرسیارکەی لە سایتی ویکیپیدیاوە هێناوە، لە سایتی ویکیپیدیاش بە هەڵە

زانیاریەک تۆمارکراوە، لێرەدا زیرەکی دەستکرد توانای بیرکردنەوەی وەک مرۆڤی نییە تا ڕاستی و هەڵە لێکجیابکاتەوە، نەخێر، بەڵکو ئەو ئەچێت بەپێی داواکاریەکەی تۆ وەڵام لە سەرچاوە جیاوازەکان ئەهێنێت و پوختەی ئەکا و دواتر فلتەری ئەکات و ئەنجامەکەیت پێدەدات.

هەندێ جاریش سیاسەتی وڵات وا ئەکات ژیری دەستکرد وەڵامێکی هەڵەت پێبدات بۆ نمونە کاتێک پرسیاری بابەتێکی لێ دەکەیت لەگەڵ سیاسەتی ئەو وڵاتە یەک ناگرێتەوە، وەڵامێکت پێدەدات لە بەرژەوەندی وڵاتەکە نەک وەڵامە ڕاستەکە.

خاڵی دووەم کە وەڵامدانەوەیە تەنانەت ئەگەر وەڵامیشی پێ نەبێت، بەشیکی زۆر لە هەڵەکان لەمەوە سەرچاوە دەگرێت، زۆرێک لە چاتەکانی ژیری دەستکرد کاتێک پرسیاری بابەتێکیان لێدەکەیت ئەو بابەتە تەنانەت ئەگەر هیچ زانیاریەکیشی لەسەر نەبێت ئەو خۆی وەڵامێکت هەر بۆ دروست دەکات، نایەوێ بێ وەڵام بڕۆی ئیتر وەڵامەکە ڕاستە یان هەڵە کێشەی نییە ئەوەی

لا گرنگە کە وەڵامێکت بۆ دروست بکات، بۆ نمونە زۆرجار پرسیاری ناوی کتێبیک یا ناوی کەسایەتییەکم لێ کردووە وەڵامێکی پێداوم کە هیچ پەیوەندی بەو پرسیارەی منەوە نەبووە.

## بەرپرسیارێتی هەریەکەمان




لەوانەیە زۆرینەمان لە تیکتۆک و تۆڕەکانی تر ئەم جۆرە ڤیدیۆیانەمان بینیبێت، پیاوێکی بەتەمەن لەگەڵ پەیامنێرێک، یا کوڕێکی گەنج لەگەڵ پەیامنێرێک دەردەکەوێ کە پەیامنێرەکە پرسیاری لێدەکات ئەویش وەڵام دەداتەوە و زۆربەی کات وشەی نەشیاوی تیایە.

لەکاتێکدا لە وڵاتانی تر بە ژیری دەستکرد چەندین کاری جوان و ڕیکلامی سەرنجڕاکێشی پێدەکرێت، تەنانەت لە هەندێ وڵات وەک باسەکرێ نەشتەرگری پێدەکرێت، لە

زۆر وڵات بۆ توێژینەوە و داهێنانی زانستی بەکاردێت، بەڵام لای ئێمە ئەبینین چەندین وێنە و ڤیدیۆی نەشیاوی پێ دروستەکرێ و بڵاوەکرێتەوە.

بڵاوبونەوەی ئەو جۆرە ڤیدیۆیانە و بەتایبەت بە زمانی کوردی، هۆکارەکەی بۆ چەند کەسێک ئەگەڕێنمەوە یەکێک لەوانە، مامۆستاکان و پەروەردەکاران، مامۆستای ئاینی، بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیاکان، شارەزایانی بوارەکە.

هەر لەگەڵ بڵاوبونەوەی ژیری دەستکرد و تەکنەلۆژیا بە گشتی مامۆستاکانمان لە قوتابخانەکان یەکسەر دەسیانکرد بە خراپ پیشاندانی و داوایان لە خوێندکاران ئەکرد کە خۆیان بەدوربگرن لە بەکارهێنانی، بەبێ ئەوەی هیچ شارەزاییەکیان لێی هەبێ یەکسەر وتیان خراپە و بەکاری مەهێنن، لەگەڵ ئەوانیشدا چەندین کەسی تر لەژێر ناوی ڕاهێنەر و پەروەردەکار و دکتۆری دەروونی دوبارە کەوتنە خراپ پیشاندانی تەکنەلۆژیا و داوایان ئەکرد کە لێی دورکەوینەوە، دوای ئەوان مامۆستایانی ئاینی (بەشێکیان) ئەوانیش دوبارە کەوتنە دژایەتی کردنی

سـەردەم و پێشـکەوتن و داوایان ئەکرد خەڵک بەکاری نەهێنێ، عاقڵەکان ئەوانەبوون کە بەقسەیان نەکردن.

لە کۆتایدا کە تەکنەلۆژیاکە بە ڕادەیەک پێشـکەوت کە ئیتر بووە پێویسـتییەکی ڕۆژانە بۆیە بە ناچاری هەموو ئەوانەی ویسـتیان لێمان قەدەغە بکەن، خۆیان بوون بە بەکارهێنەری، بەڵام بەکارهێنەرێک دوای خەڵکە گشتییەکە بەکاریانهێنا بە نەشـارەزایی، هەربۆیە دایمەن گلەی لە نەبوونی بینەری خۆیان ئەکەن چونکە پێشـتر خۆیان بوونەتە هۆی قەدەغەکردنی.

منداڵ بووم بیرمە کاتێک سـەتەلایت هاتە کوردسـتان و بە دەگمەن لە گەڕەکێکدا ماڵێک هەیبوو، ئەوکات بەشـێک لە مامۆسـتایانی ئاینی زۆر بە خراپ باسـی سـەتەلایتیان ئەکرد، هەتا لەپێشـچاوی خەڵک وا بە خراپ ناسـێنرابوو، کاتێ بە گەڕەکێکدا بڕۆشـتیتایە ماڵێکت ببینایە لە سـەربانەکەی سـەحنی سـەتەلایت هەیە، مێشک بۆ شتی خراپ ئەچوو، ئەتوت ئەمانە ئەبێ سەیری چی بکەن؟!

ڕۆژگار و هات و چوو، سـەتەلایت بوو بە بەشـێک لە پێویسـتییەکانی ڕۆژانە، هەتا وای لێهات لە ئێسـتادا کەم

مامۆستای ئاینی هەیە یا خۆی کەناڵێکی ئاسمان نەبێت یا لە کەناڵێکی ئاسمانی دەرنەکەوتبێت.

کەواتە زۆرێک لە پێشـــکەوتن و تەکنەلۆژیاکان خودی خۆیان حوکمیان لەسـەر نادرێت کە باشـن یا خراپ، بەڵکو حوکم لەســـەر بەکـارهێنـانیـان ئەدرێـت کە ئـایە چۆن بەکاردێت.

بۆیە بەشـــێـک لە هۆکـاری بڵاوبونەوەی ئەو ڤیـدیۆ خراپـانە مـامۆســـتـاکـان و مـامۆســـتـایـانی ئـاینی و پەروەردەکارانن کە ناهێڵن کەسـە باشـەکان خۆیان فێری تەکنەلۆژیاکە بکەن و لەبری ئەوەی سۆشیال میدیاکان بە ڤیدیۆی خراپ پڕبێتەوە، بە ڤیدیۆی باش پڕبێتەوە.

گرنگە پەروەردەکاران ئەوە بزانن کە سۆشیال میدیاکان بە ئەلـگـۆریـزم و داتـابەیـس کـاردەکەن، چـۆن ئەوان بەرکارهێنەر بەکارەهێنن بۆ مەرامی خۆیان و زیادکردنی بینەر، ئـاوا تۆیش ئەتوانی ئەلگۆریزم و تەکنیکەکـانی ســۆشـــیـال میدیـاکە لە ســـودی خۆت چواردەورەکەت بەکاربهێنیت.

بۆ نمونە سۆشیال میدیایکی وەک تیکتۆک لەسەر ئەو بنەما کاردەکات هەرچەند لەسەر ڤیدیۆیک بوەستیت یا کاردانەوەت هەبێ لەسەر وەک خەزنکردن و کۆپیکردنی لینکەکەی ئەوەندە زیاتر ڤیدیۆی هاوشێوەی ئەوەت بۆ ئەهێنێت، ئەها لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان یا درەنگانی شەو کاتێک برسیتە بە لائیرادی سەیری ڤیدیۆی خواردنێک ئەکەیت و تۆزێل لەسەر ئەوەستی ئەبینیت شەوەکانی دواتر لە هەمان کاتدا زۆرینەی ڤیدیۆکان ئەبێتە ڤیدیۆی خواردن، چونکە پێشتر تۆ بە ناڕاستەوخۆ بە تۆڕەکەت وتووە من حەزم بە ڤیدیۆی خواردنە، چونکە زۆر لەسەر ڤیدیۆکان وەستاوم و خەزنم کردووە.

ئەو ڤیدیۆیانەی ژیری دەستکردیش کە بڵاو ئەبێتەوە بەهەمان شێوەیە کۆمەڵە کەسێک دائەنیشن ڤیدیۆی پێکەنین و تەرفیهی دروستەکەن بۆ بڵاوکردنەوە و زیادکردنی بینەری خۆیان، چەنێ زیاتر ڤیدیۆیەک بچێتە بەرچاوی بینەر ئەوەنە زیاتر ڤیدیۆکانی تری هەمان جۆر ئەچێتەوە بەرچاوی.

قسەکە لەسەر ئەوەیە ئەگەر مامۆستاکانمان ڕێگری بکەن لەوەی خەڵکە باشەکە ئەم تەکنەلۆژیا بەکاربێنن، لەبری ئەمان خەڵکە خراپەکە شوێنەکە پڕەکاتەوە، داتابەیسی سۆشیال میدیاکانیش وەک پەرداخێکی شوشە وایە، ئەگەر دوو کەس یەکیان پارداخێک ئاوی پاکی پێبێت و ئەوی تر پەرداخێک ئاوی پیسبووی پێبێت، کامیان زووتر پەرداخەکەی خۆی خاڵیکردەوە ناو پەرداخە شوشەکە پەرداخە شوشەکە ئەوە پیشان ئەدات، کەواتە ئەرکی ئێمەیە وەک مامۆستا خوێندکاران هانبدەین تەکنەلۆژیا بەکاربێنن، بەڵام بە باشی، نەک لێیان قەدەغە بکەین، چونکە کاتێک ئێمە لە خەڵکە باشەکەی قەدەغە ئەکەین، ئۆتۆماتیکی بە خەڵکە خراپەکە پڕ ئەبێتەوە، ئەوکات بەشێک لە ئێمە بەرپرسیارین.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی ئەو جۆرە ڤیدیۆیانە کەسە شارەزاکان و بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیاکانن، کە خەمسارد و کەم چالاکن لە بڵاوکردنەوەی فێرکاری و لایەنی باشەی تەکنەلۆژیاکە، دیسان ئەگەر ئێمە فێرکاری و ڤیدیۆی جوان و کاری باش و بەرهەمی

باشـی ژیری دەسـتکرد بکەن بە چەند ڤیدیۆیەک و بڵاوی بکەینەوە ئۆتۆماتیکی بەشـێک لە مەیدانەکە ئەگرین بۆ خۆمان و مەجالێکی کەمتر ئەدەین بە خەڵکە خراپەکە کە خراپەی تیا بڵاوبکەنەوە.

## بەرپرسیارێتی ئەکادیمی

هەروەک چۆن هەریەکێکمان بەپێی پێگە و توانای خۆی بەرپرسـیارێتی لەسـەر شـانە لە گەیاندنی پەیام و باش بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، ئاواش کەسـانی ئەکادیمی و خاوەن نازناوی ئەکادیمی بەرپرسـیارێتی زیاتریان لەسەرشانە بۆ زیاتر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ڕاستەقینە و بەکارهێنانی بە لایەنی باشە، ئیتر بە وەرگێڕانی کتێب و پۆسـت بێت یا کردنەوە کوردی توێژینەوەکان و پۆستکردنیان بە بەش بەش و بە داڕشتنەوەی کوردی.

وەک لە پێشتر باسی چۆنێتی کارکردنی ژیری دەستکرد کرا، کە کار لەسـەر گەڕان و کۆکردنەوەی سـەرچاوە دەکات و پاشـان پوختەکردنی، بۆیە گرنگە مامۆسـتایان کار بکەن لەسـەر بڵاوکردنەوەی زانیاری زانستی لەسـەر ئەم بوارە و هەر بوارێکی تر بێت لە فەیسـبووکەکەیان یا

تیکتۆک یا هەر سۆشیال میدیایەکی تر، چونکە دواتر ئەو زانیاریەی کە تۆ پۆستی دەکەیت ئەبێت بە سەرچاوە بۆ کەسێکی تر، جگە لەوە مامۆستایانی قوتابخانە پێویستە کتێبی وانەکانیان بەشێوەی ئەلکترۆنی زۆرترین جار لە ئینتەرنێت بلاوبکەوەنە تا بگاتە ژیری دەستکرد و لە وەلامەکاندا سودی لێ وەربگیرێت.

## مەترسییەکانی ژیری دەستکرد

ڕۆژێک لەگەڵ برادەرێکم باسی ئەم بابەتەمان ئەکرد، وتی بەس ئەوانەی لێی تێئەگەن ئەزانن لە داهاتوو چ مەترسیەک دروستەکات، نەک داهاتوو لە ئێستاشدا وردە وردە مەترسیەکانی دەرکەوتووە، ڕێک قسەکەشی ڕاست دەرچوو.

تەنها ئەوانە لە مەترسییەکانی ئەم تەکنەلۆژیا تێدەگەن کە تیا وردبونەتەوە و بەدوای بابەتەکەیا ئەچن، مەترسی مەبەستمان ئەو گرفتانەیە کە لە داهاتوو دروستی دەکات نەک ئەوەی کە زۆرێک لە مامۆستا لێی تێگەشتوون و پێیان وایە بەکارهێنانی خراپە.

لێرەدا بەش بەش باسی مەترسیەکانی دەکەین لە ئێستا و داهاتوو، لە کۆتای ئەم بەشە باسی ئەوە دەکەین چۆن خۆمان لە مەترسییەکانی بپارێزین.

## کۆنترۆڵکردنی کار



سـاڵی ٢٠٢٢ پێش مۆندیالی قەتەر هەردوو یاریزان (کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ) و (لیۆنێل میسی) ڕیکلامێکیان کرد و وێنەیەکیان گرت و وێنەکەیان لە ئەکاونتی خۆیان پۆستکرد، تەنها بۆ ئەو ڕیکلام و وێنەیە، بەپێی دواین ڕاپۆرتەکان کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بڕی دوو ملیۆن دۆلار

(٢٠٠ دەفتەر)ی وەرگرتووە، و لیۆنێل میســـیش بڕی ١.٧ ملیۆن دۆلار (١٧٠ دەفتەر)ی وەرگرتووە.

لە ئێســـتادا ئەو وێنە بە ئاســـانی بە زیرەکی دەســـتکرد دروســـتەکرێت، ئەتوانیت بە زیرەکی دەســـتکرد بە هەر یاریزانێک یا کارەکتەرێک بتەوێت ڕیکلام بۆ کارەکەت بکەیت بەبێ ئەوەی یەک دینار سەرف بکەیت، لە پێشتر بە ســـەدان دەفتەر لە ڕیکلامێکدا ســـەرف ئەکرا، بەڵام ئێســـتا بەهۆی زیرەکی دەســـتکردەوە ئەتوانیت بەخۆڕای ڕیکلامەکە بکەیت، بۆیە ئەتوانین بڵێین کاری ڕیکلامکردن یەکێکە لەو کارانەی کە هەر لەگەڵ گەشـــەســـەندنی ژیری دەستکرد مەترسی بۆ دروستبوو.

جگە لە بـابەتی ڕیکلام زۆرینەی کـارەکـانی تری بە جۆرێک ئاســـان کردووە کە ئەتوانین بڵێین بۆ ئەنجامدانی پێویست ناکات بچیت بۆلای کەسی پسپۆر خۆت ئەتوانی بە هاوکاری ژیری دەستکرد ئەو کارە بکەیت.

پێش دروســـتبوونی چات جی پی تی و دیپ ســـیک و چاتەکانی تر پرۆگرامێکم زۆرجار بە دوو ســـاڵ ئەنوســـی هێشـــتـا هەر هەڵەی هەبوو، پرۆگرامی ئـامێرێـک کە

دروســـتمەکرد هەندێجار ســاڵ و دوو ســاڵی پێ ئەچوو هێشـتا هەر هەڵەی تیابوو، بەڵام ئێسـتا هەر لە دیپ سـیک بپرســـە یەکســـەر هەموو شـــتێکت پێ ئەڵێ، بڵێ ئەمەوێ ئـامێرێـک دروســـتبکەم، هەنگـاو بە هەنگـاو پێتەڵێ و پرۆگرامەکەشـت بۆ ئەنوسـێ ئەگەر بیشـتەوێ دێڕ بە دێڕ کۆدەکەت بۆ باس دەکات کە بۆچی ئەوەی بەکارهێناوە و مەبەستی چی بووە.

ڕۆژێـک ســـویچ پلاکێکی زیرەکم کڕی بۆ برادەرێکم، یەکەمجارم بوو لەو جۆرە بکڕم وتم پێش ئەوەی بیبەستم بـا لە ئینتەنرێـت ســـەیریکەم بزانم چۆن ئەبەســـترێ، وێنەیەکی ســـویچ پلاکەکەم گرت و نـاردم بۆ کلاود ئەی ئای، وتم ئەم سویچ پلاکەم کڕیوە چۆن بیبەستم؟

زۆرم لا ســـەیربوو کە هەنگـاو بە هەنگـاو بە زمـانی کوردی پێی وتم چۆن ئەبەسترێ و ئەبێ کارەبای لەکوێوە بۆ ببەستم.

ڕۆژێ تر کۆمەڵێک فایلی گرنگم لەسـەر هارد دیسـکێکی کۆن هەبوو، بە ئـاســـانی نەئەدرا لە لاپتۆپ ئەبوو لەڕێی ئامێرێکی تایبەت بەخۆی هاردەکە بخەمە سـەر لاپتۆپەکە،

ئامێرەکەم لابوو، بەڵام نەمەزانی چۆن بەکاریەت، ڕەسمی ئامێرەکەم گرت و ناردم بۆ کلاود ئەی ئای وتم هاردێکم هەیە ئەمەوێ لەڕێگەی ئەم ئامێرەوە داتاکانی بنێرم بۆ لاپتۆپەکەم، چۆن بیکەم؟

یەکەمجار باسێکی ئامێرەکەی کرد کە چییە وبۆچی بەکاردێت، ئینجا هەنگاو و بە هەنگاو پێی وتم کە چۆن هاردەکە دانێم و چیبکەم تا داتاکانی نەقڵ بکەم.

هەر لەم ڕۆژانە ویستم وێبسایتێک بۆ خۆم دروسبکەم، دوبارە هەنگاو بە هەنگاو سودم لە ژیری دەستکرد بینی بۆ دروستکردنی.

ڕۆژێک لە دەوام بووم، لەکاتی بەفربارینەکە، موبایلەکەم لەدەست کەوتە خوارەوە کەوتە ناو بەفرەکە، هەڵمگرتەوە تا ماوەیەک ئیشی کرد، دواتر کوژایەوە و هەڵنەبۆوە، منیش بە شەحنەوە جێمهێشتم وتم لەوانەیە وا باشبێت بە شەحنەوە بێت بەشکم هەڵبێتەوە، لەوکاتەی کە بە شەحنەوە جێمهێشتبوو، بە کۆمپیتەرەکەم پرسیارم لە دیپ سیک کرد، وتم موبایلەکەم حاڵەتێکی وای توشبووە چیبکەم؟

وتی کە لەم کاتەدا زۆر خراپە بە شـــەحنەوە بێت، لە شـــەحنی بکەرەوە و هەنـدێ ڕێنمـایی پێدام، دوای ڕێنماییەکان موبایلەکەم چاکبۆوە.

## چەنێ قازانجم کرد لە ژیری دەستکرد؟

زۆرجار گەڕانەی پارە و کات وەک بەدەســتهێنانی پارە وایە، واتە قـازانـجـکـردنـی ١٠٠ هەزار مەرج نـیـیە هەر بەدەســـتهێنانی ١٠٠ هەزار بێت، بەڵکو زۆرجـار کـارێک ئەکەیت ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ١٠٠ هەزار سەرف نەکەیت، ئەویش وەک بەدەســـتهێنـانی ئەو پـارە وایە، لە بـابەتی کاتیش بە هەمان شێوەیە، زۆرجار گەڕانەوەی دە خولەک لەوانەی بەرامبەر بێت بە بەدەستهێنانی دە گەڵا.

چەنـدین جـار موبـایلەکەم تێکچووە نەمبردووە بۆلای وەسـتا لە ژیری دەسـتکرد پرسـیارم کردووە و خۆم چاکم کردۆتەوە، زۆرجار بۆ بابەتێک ڕاوێژم پێکردووە لەوانەیە کەسـی پسـپۆڕی ئەو بابەتە بۆ یەکجار ڕاوێژکردن زیاد لە ٢٥ هەزار وەربگرێت، من لەڕێگەی ژیری دەســـتکردەوە ڕاوێژەکەم وەرگرت بێ بەرامبەر.

برادەرێک وتی چووم بۆ ماڵ ناسیاوێکم موبایلی ئایفۆنەکەی کێشەی هەبوو بە زمانی خۆم بە کلاودم وت ئەم کێشەم هەیە چیبکەم، وتی هەنگاو بە هەنگاو پێی وتم چۆن چاک ئەبێت.

لەم ماوەی پێشوو ویستم وێبسایتێک بۆ کار و چالاکییەکانم دروست بکەم، لەبەرئەوەی پێشتر وێبسایتم دروست نەکردبوو هیچ شارەزاییەکم تیا نەبوو، ئەزموونیشم لە بوارەکەدا نەبوو، بۆیە لە گروپێکی پرۆگرامسازەکان پرسیارم کردم وتم کێ وێبسایت دروست دەکات، زیاتر ئەوانەی کە بە سەربەخۆ کاریان دەکرد کۆمێنتیان کرد و قسەم لەگەڵ کردن، نرخەکانیان لەنێوان ١٢٠ دۆلار تا ٥٠٠ دۆلار و ٦٠٠ دۆلار بوو، بەڵام ئەمە بۆ وێبسایتێکی سادە، خۆ ئەگەر ئەمە کۆمپانیایەک بۆی بکردمایە بەدڵنیایی سەروو ١٠ گەڵای داوا ئەکرد، بەڵام من ١٢٠ دۆلارەکەشم هەر پێ زۆربوو، بۆیە وتم خۆم بیکەم باشترە ئەتوانم دڵسۆزانەتر کاری بۆ بکەم و وردەکاری زیاتریشی تیا ئەکەم، پرسیارم لە دیپ سیک کرد، کە چۆن وێبسایتێکی کەسی بۆ خۆم دروستکەم بێ

بەکارهێنانی کۆد، پێشنیاری وۆردپرێس و ویکس و چەند سایتێکی تری بۆ کرد، چەند دانەیەکیانم تاقی کردەوە لە کۆتایدا، لەگەڵ سایتێکیان زیاتر بەردەوام بووم و وێبسایتی خۆمم تیا دروستکرد، بۆ هەر گرفتێک کە دەهاتە پێشم خێرا ئەچوومەوە بۆ دیپ سیک و پرسیارم لێ ئەکرد و وەڵامی ئەدامەوە و ڕێگا ئاسانەکانی بۆ پێشنیار دەکردم.

منێک کە هیچ شارەزاییەکم لە دروستکردنی وێبسایت نەبوو، بە ماوەیەکی کەم لەڕێی ژیری دەستکردەوە توانیم سایتێکی پێشکەوتوو دروستکەم کە لەوانەیە پرۆگرامساز و کەسانی پسپۆڕی بوارەکە بە ماوەیەکی زیاتر بتوانن دروستی بکەن، جگە لەوەش مەسروفی دروستکردنی سایتی بۆ گەڕاندمەوە، ئەتوانم بڵێم لەم کارە نزیکی ١٠ گەلام بۆ گەڕایەوە.

کەواتە لەگەڵ ژیری دەستکرد ئەتوانیت سایت دروست بکەیت پێویست ناکات شارەزایشیت لە پرۆگرامسازی و کۆد نوسین هەبێت، ئەتوانیت دوو وێنە تێکەڵ بکەیت

پێویســـت ناکات شـــارەزایت لە فۆتۆشـــۆپ هەبێت، ئەتوانیت دیزاین بکەیت پێویست ناکات دیزاینەریش بیت.

کەواتە بەهۆی ژیری دەستکردەوە ئەتوانین چی بکەین؟

حاجی ســـاڵح ئەتوانێ لەپاڵ ئیشـــی فرۆشـــتنی تەزبیح لەســـەر کاغەزێک بنوســـێت ئامادەین بۆ دروســـتکردنی وێبسایت.

بـاجی حەپســـە و خەجێ خـان و نەنە ئـافتـاو ئەتوانن لەگەڵ دانیشـــتنی بەردەرگا و زەم و زەمکاری لەســـەر کاغەزێک بنوســـن ئامادەین بۆ بەڕێوەبردنی ســـۆشـــیال میدیا و دیزاینی پۆست و دروستکردنی سیڤی.

مـام تۆفیق ئەتـوانێ لەگەڵ دوکـانی بـایەعیەکە بڵێ ئەتوانین تەئسیساتی کارەبای ماڵانیش بکەین.

بەڵێ هـەمـوو ئەوانەی ســـەرەوە ئەکرێ چونکە ئیتر کـارەکـان هەمووی بە ژیری دەســـتکرد ئەکرێـت و هیچ شتێک قورس نییە.

## تەنانەت پزیشکەکانیش بێکار دەبن

لەم ماوەی پێشوو چاوپێکەوتنێکی ئیلۆن مەسک بڵاوکرایەوە کە دەڵێت ڕۆبۆتی زیرەکی Optimus کە کۆمپانیای تێسلا ئێستا دروستی دەکات و پەرەی پێدەدات دوای سێ ساڵی تر باشتر دەبێت لە باشترین دکتۆری نەشتەرگەر لەهەموو جیهان، واتە بەم زووانە ڕۆبۆتە زیرەکەکانی تێسلا کە تایبەت دەبن بە کاری دکتۆری نەشتەرگەر ژمارەیان لەهەموو دکتۆرە نەشتەرگەرەکانی جیهان زۆرتر دەبێت.

تێسلا تەنیا ئۆتۆمبێلی کارەبایی دروست ناکات، بەڵکو لەبواری زیرەکی دەستکرد و ڕۆبۆتی زیرەکیش کاردەکەن، ڕۆبۆتە زیرەکەکانی تێسلا ناویان Optimus ە و چەند ساڵێکە تاقیدەکرێنەوە بەم زووانەش دەکەونە بازاڕەوە.

## دروستکردنی خانوو بە ماوەی سێ ڕۆژ

لە ئێستادا تەکنەلۆژیا گەشتۆتە ئاستێک کە ئەتوانین بە بەکارهێنانی پرنتەری سێ دووری لەگەڵ ژیری دەستکرد خانوویەک دروستبکەین بە سێ ڕۆژ، لەڕێگەی ژیری دەستکردەوە دیزاینی نەخشە و ڕوکاری خانووەکە دەکەین، دواتر لەڕێگەی پرنتەری سێ دووری و بە بەکارهێنانی کۆنکرێت ئەتوانین چینەکانی دیواری خانووەکە دروستبکەین، بە ماوەی سێ ڕۆژ یا کەمتریش هەیکەلی خانووەکە تەواو دەبێت.

هەر لەم باسەی پێشوو بکۆڵینەوە چەندین کرێکار و ئەندازیار و وەستا بێ کاردەبن بەهۆی ژیری دەستکرد و تەکنەلۆژیاوە، بۆیە گرنگە کە بە جۆرێک بخوێنین و کار بکەین لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە خۆمان بسازێنین.

## ژیری دەستکرد شوێنی کام کار ناگرێتەوە؟

لە ئێستادا بەشێکی زۆر لە کارەکان کراون بە ژیری دەستکرد، ئەو کارەی پێشتر بە دوو سێ کارمەند ئەکرا ئێستا بە یەک کەس دەکرێت، پێشتر کارمەندێک کاری

دیزاین یەکێ دروســـتکردنی نـاوەڕۆک یەکێ ڕاوێژ و مارکێتینگ، ئێستا چات جی پی تی هەمووی دەکات.

پێشتر پرۆگرامێک بە چەند سەعاتێک تایپ ئەکرد، ئێستا بەس فکرەکەی پێبدە کۆدەکەت پێدەدات و تۆ بەس کۆپی ئەکەیت.

لەم مـاوەی پێشـــوو وتەیەک بەنـاوی بیـل گەیـتس بڵاوکرایەوە جـا نـازانم قســـەی خۆی بوو یـان نـا، بەڵام ئەیوت تاکە کارێک ژیری دەســـتکرد نەتوانێت کۆنترۆڵی بکات کاری پرۆگرامســـازییە، بەس پێم وابێت لەوە نەیپێکا کاری پرۆگرامســـازی یەکێک بوو لەو کارانەی کە زۆر بە زووی کۆنترۆڵی کرد، ئەی چ کارێک کۆنترۆڵ ناکات؟

ئەو کـارانەی کە ژیری دەســـتکرد نـاتوانێت تـا ئێســـتـا شوێنی بگرێتەوە ئەمانەن:


- کارێک هەست و سۆزی تیابێت.
- کارێک پێویستی بە وزە و توانای فیزیکی بێت.
- کـارێک بەردەوام لە گۆڕانکـاریـدا بێت و فکرەی جیاوازی تیابێت.

ئەگەر یەک یەک باســی ئەو ســێ جۆر کارە بکەین، لە یەکەمەوە دەسپێبکەین کارێک هەست و سۆزی تیابێت، هەرگیز ژیری دەســتکرد ناتوانێت شــوێنی بگرێتەوە، بۆ نمونە کاری مامۆستایەتی، لە شوێنێک پرسیاریان لێکردم وتیـان ژیری دەســتکرد ئەتوانێـت شــوێنی مـامۆســتـا بگرێتەوە، وتم بەڵێ و نەخێریش، ئەکرێ شــوێنی هەندێ مامۆســتا بگرێتەوە، ئەکرێ شــوێنی هەندێ مامۆســتاش نەگرێتەوە، چۆن؟

تاکە کارێک ژیری دەســتکرد لە ئێســتا نەتوانێت بیکات وەک مامۆســتا بوونی هەســت و ســۆزە، مامۆســتایەک ئەچێتە پۆل هەست و سۆز و خۆشەویستی و وزە نەداتە خوێندکار و وانەکەی، ژیری دەســتکرد زۆر لەو زیرەکترە و قوتابیەکان ئەتوانن هەر لەماڵەوە خۆیان فێرببن، ئەگەر قەرار بێـت مـامۆســتـا تەنهـا زانیـاری لەنـاو کتێبەوە بگوازێتەوە بۆ خوێندکار ئەمە ژیری دەستکرد زۆر باشتر دەیکـات، لەڕووی زانســتـی و فـێـرکـردنەوە بەپـێـی توێژینەوەیەکی زانکۆی هـارڤـارد ژیری دەســتکرد بە جیـاوازییەکی زۆر لە مـامۆســتـای بردەوە، کـاتێـک

خوێندکارەکانیان کرد بە دوو گرووپی جیاواز، گروپێکیان مامۆستا بە بەکارهێنانی نوێترین ڕێگاکانی وانەوتنەوە وانەیان بە خوێندکارەکان دەوت، گروپێکی تریان خوێندکارەکان لەڕێگەی ژیری دەستکرد فێردەبوون، لە ئەنجامدا خوێندکارانی گروپی ژیری دەستکرد دوو هێندەی خوێندکارانی ناو پۆل باشتر فێربوون و چێژی زیاتریان لە فێربوونەکە وەرگرت.

ئەمەش وێنەی داتای فێربوون لەڕێگەی مامۆستا و فێربوون لەڕێگەی ژیری دەستکرد کە ژیری دەستکرد ئەنجامەکەی دوو هێندەی مامۆستایە.



بۆیە پیشەی مامۆستایەتی ئەگەر وزە و هەست و سۆزی لەگەڵ نەبوو، بەڵێ ژیری دەستکرد شوێنی دەگرێتەوە، ئەگەریش هەست و سۆزی لەگەڵ بوو هەرگیز ژیری دەستکرد شوێنی ناگرێتەوە، چونکە ژیری دەستکرد ئامێرە و فێرکراوە، هەست و سۆزی نییە.

کاری دووەم کە ژیری دەستکرد ناتوانێت تا ئێستا شوێنی بگرێتەوە ئەو کارانەن کە پێویستیان بە وزە و توانای فیزیکی هەیە، زیاتر ئەو کارانەن کە بواری میکانیکین، لە شوێنێک باسی ئەو کارانە کرا وتیان تاکە کارێک ژیری دەستکرد نەتوانێت شوێنی بگرێتەوە کاری بۆریچێتییە، خۆی ڕاستە تاکە کار نییە چونکە وەک لە پێشتر باسکرا کاری تر هەیە کە شوێنی ناگرێتەوە، بەس بەگشتی کارە میکانیکییەکان و ئەو کارانەی وزەی مرۆڤی پێویستە لە ئێستا مەترسی کەمتری لەسەر بۆ شوینگرتنەوەی وەک بۆری بەستن، لەحیمکاری و ئاسنگەری، دارتاشی، شوانی، چونکە ئەم کارانە تا ئێستا پێویستی بە زیرەکی مرۆڤ و وزەی مرۆڤە.

کاری سێیەم کە ژیری دەستکرد ناتوانێت شوێنی بگرێتەوە ئەو کارانەن کە بەردەوام لە داهێنان و گۆڕانکاری و تازەگەریدان، ئەو کارانەش دوبارە پشت بە فکرەی مرۆڤ دەبەستێت، بۆیە هەر کارێک بەردەوام لە نوێبونەوەدابێت مەترسی شوێنگرەوەی کەمترە.

لەکاتێکدا بەشێک لە سەرچاوەکان دەڵێن تا کۆتای ٢٠٢٥ هیچ بەڵگەیەکی ڕوون نییە کە بیسەلمێنێت سەدا سەد ڕێژەیکی بێکاری بەهۆی ژیری دەستکردەوە دروستبووە، بەڵام بەپێی چەندین سەرچاوەی تر ژیری دەستکرد بۆتە هۆی دروستبوونی بێکاریەکی زۆر، بەتایبەت بۆ کرێکارانی تەمەن ٢٢ بۆ ٢٥ ساڵ کە ڕێژەیەکی زۆر لە کار دابڕوان یان لە کار دانامەزرێن بەهۆی ژیری دەستکردەوە، بەپێی توێژینەوەیەک ڕێژەیەکەی ١٣٪یە، هەندێ بۆچونیش هەیە کە دەڵێن ژیری دەستکرد خۆی ڕاستەوخۆ نەبۆتە هۆی بێکاری، بەڵکو خاوەن کارەکان ئەی ئای وەک بیانویەک بەکارهێنن تا ڕۆتینات لە کارەکانین کەم بکەنەوە و کارمەندەکانیان ئیزن بدەن.

ئەکرێ هەردوو بۆچونەکە وەربگرین، بەڵام دیسان ئەگەر تەنانەت ژیری دەستکرد بە بیانویش بەکاربێت، هەر هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی هەلی کار لە داهاتوودا.

## بردنی داتاکان بە ناڕاستەوخۆ

لە زۆر کۆڕ و سیمینار کە باسی ژیری دەستکرد ئەکەم ئەم بابەتە باسدەکەم زۆرێک داوای بەڵگەی ١٠٠٪ ئەکەن، لەکاتێکدا، ناتوانین ١٠٠٪ بڵێین ئەوە بەڵگەکە چونکە ئەوکات بازاڕی ژیری دەستکردەکان نامێنێ، خەڵک زیاتر لێی دورەکەوێتەوە چونکە خەمی بردنی داتاکانیان هەیە، بۆیە هەرگیز کۆمپانیاکان ناڵێن ئێمە داتاکانتان ڕاستەوخۆ دەبەین، بەڵام هەمووکات با ئەم یاسایەمان بیربێت (**کاتێک هاتیتە ناو جیهانی ئینتەرنێت، هیچ شتێک پارێزراو نییە**)، ساڵی ٢٠٠٩ بەدواوە کاتێک دەسمکرد بە کاری پرۆگرامسازی و کۆمپیتەر سیکورتی، ئەو قسەم زۆر دەهاتە بەرچاو کە ئەیوت هیچ شتێک پارێزراو نییە، ڕێک وایە کاتێ تۆ دێیتە ناو جیهانی ئینتەرنێت دێیتە بازنەیەک کە لەناو ئەو بازنەدا شەڕ شەڕی بردنی داتایە، کێ بتوانێت داتایەکی زیاتری دەسبکەوێت زیرەکترە، بۆیە

بە هەموو جۆرێک هەوڵەدرێت داتای زیاتر دەسبکەوێت، بەتایبەت زلهێزەکان هەموو کارێکیان بۆ ئەوەیە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە و دەسگەشتن بە داتاکانمان کۆنترۆڵمان بکەن، بۆیە جارێ تر ئەوەت لەبیربێت **کاتێک هاتیتە ناو جیهانی ئینتەرنێت، هیچ شتێک پارێزراو نییە.**

**بۆچی کەسایەتییە ناسراوەکان و سەرۆکی بەشیک لە وڵاتان لەزگە ئەدەن لە کامێرای موبایل و لاپتۆپ؟**



ئەم وێنەیەم لە سایتی بی بی سی هێناوە کە تیایدا دەردەکەوێت، مارک زوکەربێرگ دامەزرێنەری فەیسبووک وێنەیەکی خۆی پۆستکردووە، لە وێنەکە

لاپتۆپەکەی دەرکەوتووە کە تیپێکی داوە لە کامێرای لاپتۆپەکەی.

لە وێنەی پەڕەی دواتر کە بنیامین ناتانیاهۆ سەرۆکی ئیسرائیل دەردەکەوێت کە تەلەفون دەکات، لەزگەیەکی سوری داوە لە کامێرای موبایلەکەی، ئەم کارانە ئەوەمان پێدەڵێت کە لە جیهانی ئینتەرنێت هیچکات پارێزراو نین و هەرچەند لایەنی پاراستنیشمان بەرزبێت هەر پێویستە ئامادەبین بۆ بردنی داتاکانمان، جگە لەلایەنی ئینتەرنێت، تەنانەت ئەبێ هۆشیاریمان هەبێ کە بردنی داتاکانمان بە زۆر ڕێگەی تر دەکرێت، بۆ نمونە بە شیکاری فیزیای، کە ئەوەیان لەسەر ئەم وێنە باس دەکەین دەکەین، ئەمەی باسی دەکەم لە ژیری دەستکردەوە وەرمگرتووە و بەپێی تێگەشتنم بۆ لایەنە فیزیایەکەی لێرە ئەینوسمەوە.




زۆرینەی کەسایەتییە گەورەکانی جیهان وەک سەرۆکی وڵاتە پێشــکەوتووەکان، مارک زوکەربێرگ دامەزرێنەری فەیســبووک، لەکـاتی دەرکەوتنیـان کـامێرای لاپتۆپ و موبایلەکانیان بە لەزگەیەک ئەپێچن، ئەمە چەنێ لە ترسی هـاک بێت دوو ئەوەنە لەترســی کەشــفی فیزیـاییە، کە ئەتوانرێت لەڕێی شـیکاری شــەپۆلەکانی دەنگ و بینراو و نەبینراو بە چاو و دواتر لەڕێگەی پرۆگرامی کۆمپیتەرەوە شــەپۆلەکان بکەینەوە بەو جۆرەی کە ئەمانەوێ بۆ نمونە بۆ وەرگرتنی دەنگ شــەپۆلەکان بخەینەوە ســەر شـێوەی دەنگ، بەو جۆرە ئەکرێ بەهۆی ڤیدیۆیەکی کورت دەنگی شوێنێکمان دەستبکەوێت.

ئەتوانرێت لەڕێگەی لێزەر و بەرنامەیەکی وەک ئافتەر ئیفێکت، لەڕێی ئەو ڕوناکیەی کە ئەدرێت لە پەردەی ژوورێک و لە کامێرای موبایلێکدا دەرەکەوێ وێنەیەک وەربگیرێت و لەرەلەری دەنگەکەی لە ڕوناکیەکەیەوە دەربکەیت، بەم جۆرە لەڕێگەی وێنەوە ئەتوانیت ئەو دەنگە دروست بکەیتەوە کە لەکاتی ئەو وێنە هەبووە، بەڵام کەسایتییە ناسراوەکان زیرەکانە لەزگەیەکی نەرم ئەدەن لە کامێراکە تا لەزگەکە ئەو لەرەلەرە هەڵبمژێت و نەیداتەوە بەم جۆرە کەسە فیزیایەکان ناتوانن لەرەلەری ڕاستەقینەی دەنگەکەیان دەسکەوێت.

لەپێناو پاراستنی ئاسایشی بەکارهێنەران و بەخراپ بەکارنەهێنانی بەپێویستی نازانم کە لێرەدا بە وردی باسی چۆنێتی کەشفکردنی فیزیایانەی دەنگەکان بکەم و پێم وایە لێرەشدا بابەتی ئێمە نییە و پێویست ناکات زۆر لە بابەتەکە دوربکەوینەوە، تەنها ئەوەندە گرنگە کە بزانین هاتینە جیهانی ئینتەرنێت هیچ شتێک پارێزراو نییە.

ئەمەی کە لێرە باسی دەکەم دەربارەی ژیری دەستکرد و بردنی داتاکانمان لەڕێگەی ژیری دەستکرد تا ئێستا بە

فەرمی ڕانەگەیەنراوە و وەک مەترسیەکی گەورەش باسی لێوە نەکراوە، بەڵام ئەمە جیهانی ئینتەرنێتە ئەگونجێ لە داهاتوو ئەمەی کە ئێستا باسی دەکەین ببێتە ڕاستی، لێرە بەپێی تێگەشتن لە شێوازی کارکردنی ژیری دەستکرد باسی دەکەین.

لە داهاتوو ئەگونجێ چاتەکانی ژیری دەستکرد بە ئاسانی داتاکانمان ببەن وەک وێنە و ڤیدیۆی ناو موبایل، نوسین، بەڕێگای ناڕاستەوخۆ لەڕێی ئەپەکانی تر، بۆ نمونە ئەکرێ چات جی پی تی لەڕێی ئەپی فەیسبووک یا ئینستاگرام وێنەکانت ببات، چۆن؟

یەکێ لە ئەپەکانی ژیری دەستکرد لە داهاتوو گرێبەستێک لەگەڵ کۆمپانیای ئەپێکی تر دەکات بە نمونە چات جی پی تی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای مێتا دەکات، واتە فەیسبووک و چات جی پی تی گرێبەستێک دەکەن، لە یەکێک لە خاڵەکانی گرێبەستەکە چات جی پی تی ئەڵێ من ئەتوانم داتاکانی تۆ بەکاربێنم، فەیسبووکیش بەمە ڕازی دەبێت، تۆ وەک بەکارهێنەرێکی فەیسبووک تەنها ڕێت بە فەیسبووک داوە کە وێنەکانت بەکاربێنێت، بەڵێ تۆ ڕێت

پێداوە لەوکاتەی کە بەرنامەی فەیسبووک دائەبەزێنیت یا هەر بەرنامەیەکی تر زۆرینەیان پێشـــتر پێتەڵێن کە ئێمە ئەتوانین داتـای نـاو موبـایلەکەت وەک وێنە یـان ژمـارە موبایلەکان بەکاربێنین، تۆیش بەڵێت بۆ کردووە، بەڵام تۆ ڕەزامەندیت بە فەیسبووک داوە کە وێنەکانت بەکاربێنێت، بەس بیرمـان نەچێ وتمـان لە ڕێکەوتنی فەیســـبووک و چات جی پی تی هاتووە کە چات جی پی تیش دەســـەڵآتی پێدراوە داتای فەیســـبووک بەکاربێنێت، کەواتە چات جی پی تی بە ناڕاســـتەوخۆ ڕەزامەندی وەرگرت کە وێنەکانی تۆ بەکاربێنێت.

ئەگەر تێبینی بکەن لە ئێســـتادا زۆرینەی ئەو ڤیدیۆیانە کە بە ژیری دەستکرد دروسـتەکرێت کارەکتەرە کوڕەکان و کچەکان و پیاوە بەتەمەنەکان زۆرینەیان یەک شـــکڵیان هەیە واتە بە گشـــتی ســـێ کارەکترن کچێک و کوڕێک و پیـاوێکی بەتەمەن، هەر هەمـان کەســـن کە بۆ ڤیـدیۆی تر بەکاردێن، بەڵام ئەگونجێ لە داهـاتوو ئەو ڤیدیۆیانەی کە دروســـتەکرێن کـارەکتەرەکانی وێنەیەکی من و تۆ و ئەو

بێت، ئەویش لەڕێی موبایلەکەمان وەرگیرابێت یا خۆمان ناردبێتمان بۆ یەکێ لە چاتەکان بۆ دیزاین.

## هۆشداری بۆ بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان

وەک لە پێشــتر باســکرا کە چۆن ئەکرێ داتــای نــاو موبــایلەکــانمــان ببرێن، ئــاواش دەکرێــت داتــای نــاو کۆمپیتەرەکەمان ببرێت، دیســـان ئەمیش بە ڕەزامەندی خۆمان، ڕەزامەندییەک کە لەوانەیە زۆربەمان یەکســـەر کلیکمـان لە ڕازیبوون کردبێت بێ ئەوەی بزانین چییە و لەسـەر چی ڕەزامەندیمان داوە، بۆیە زۆر گرنگە بەتایبەت بـۆ بەڕێـوبەرانـی قـوتـابـخـانەکـان و ئەوانەی لەســـەر ســـیســـتەمی ئی پەروەردە کـاردەکـان کە داتـا و وێنەی مامۆســـتا و قوتابی لەناو ســـیســـتەم و ناو لاپتۆپەکانیان هەیە، نـاکرێ بڵێین لەســـەر ئەو لاپـتۆپە ئـینـتەرنێـت کارپێمەکە چونکە بۆ سـیسـتەمی ئی پەروەردە پێویسـتت بە ئینتەرنێـت هەر دەبێـت، بەڵام ئەکرێ زۆر زیـاتر لە لاپتۆپێکی تر بە وریایەوە کاری لەسەر بکەیت و بۆ غەیری کاری پەروەردە بۆ کاری تر بەکاری نەهێنیت و هەر ئەپ و ســـایتێـک داوای ڕەزامەنـدی لێ کردیـت، یەکســـەر

ڕەزامەندی پێنەدەیت، ئەو ســـایتانەی ژیری دەســـتکرد بەکارەهێنن ڕەزامەندیان پێ نەدەیت.

## ئـایە خـوێـنـدکـاران ئەتـوانـن بەهـۆی ژیـری دەستکردەوە پرسیار ببەن؟

ئەم بـابەتەش ئەکرێ لە داهـاتوودا ببێتە مەترســـی، ئەکرێ لە ئێســتاشــدا هەســت بە دەرکەوتنی نیشــانەکانی بکەین، بۆ وەڵامی پرســیارەکە دیســـان بە ڕەهای قســـە نـاکەین بەس جـارێکی تر شــێوازی کـارکردنی ئەپەکـان باسدەکەین لەوێوە ئەکرێ باشتر وەڵامەکە ڕونبکەینەوە.

وەک لە پێشــترا باســکرا چاتەکانی ژیری دەســتکرد بەو جۆرە کـاردەکەن کە لە مـاوەیەکی زۆر کەمـدا ئەگەڕێن بەنـاو ملیۆنـان ســـەرچـاوەدا بۆ دەســـتکەوتنی وەڵامی داواکارییەکەی تۆ، ســـەرچاوەکن وەک ســـایت و پەیج و ئەپەکانی تر.

ژیری دەســـتکرد خۆی وەڵام نـاهێنێتە بوون، بەڵکو ئەوەی کە پێـت ئەڵێ پێشـــتـر وەریگرتووە، بەڵام یـا ڕاســـتەوخۆ پێت ئەڵێ یا گۆڕانکـاری تیـا ئەکـات، بەڵام ئەوەی گرنگە بیزانیـت ئەوەیە ژیری دەســـتکرد خۆی لە

هیچەوە وەڵام دروســـت نـاکـات، بەڵکو لە گەڕانەوە دەسیکەوتووە.

کاتێک من بە ژیری دەستکرد ئەڵێم لەسەر بابەتی بارگە کارەباییەکان چوار پرسیاری هەڵبژاردنم بۆ دروست بکە با هەر یەکەیان چوار بژاردەی هەبێت، یان وێنەی دوو لاپەڕە لە کتێبی فیزیای پۆلی ١١ی بۆ ئەنێرم ئەڵێم لەم دوو لاپەڕە شەش پرسیاری هەڵبژاردنم بۆ دروست بکە، ئەو پرسیارەکان لەکوێوە دروستەکات ئەگەر پێشتر لە سەرچاوەیەکەوە وەری نەگرتبێت؟!

بۆیە ئەکرێ لەوکاتەی مامۆستایەک دانیشتووە بە بەرنامەی وۆرد پرسیار ئەنوسێت، لەسەر ئەو لاپتۆپەش ڕەزامەندی داوە کە ژیری دەستکرد بێتە ناو لاپتۆپەکەی و داتاکانی ببات، زۆر ئاسانە کە ئەو پرسیارەی مامۆستاکە ئەینوسێ هەمان دەقی پرسیارەکە لەگەڵ وەڵامەکە لە لاپتۆپێکی تر ببات و بیکات بە وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارەی لێی کراوە.

لەم ماوەی پێشوو یەکێک لە چاتەکانی ژیری دەستکردم تاقی ئەکردەوە، ناونیشانی کتێبێکم بۆ نارد وتم هی کێیە

و باسی چی دەکات، وەڵامی دامەوە وتی هی فلاّنە کەسە و باسی ئەم بابەتانە دەکات، باسی کتێبەکە ڕێک ئەوەبوو کە نوسەرەکە لە فەیسبووکی خۆی پێشتر پۆستی کردبوو، واتە چاتەکە ڕێک پۆستی فەیسبووکەکەی بوو هێنابووی بۆ وەڵامی پرسیارەکەم.

## کۆپیکردن و دروستکردنی دەنگ

لە قوتابخانەیەک سیمینارمێکم هەبوو دەربارەی ژیری دەستکرد بۆ مامۆستایان، بەجۆرێک باسی ژیری دەستکردم کرد کە شوێنگرەوەی زۆرێک لە پیشەکانە، یەکێ لە مامۆستاکان لە کۆتای سیمینارەکە زۆر بە باوەڕبەخۆبونێکی سەیرەوە وتی باشە مامۆستا ئەم شتە ئەوەنە موهیمیش بێت خۆ ناتوانێ شوێنی من بگرێتەوە خۆ ناتوانێ بە دەنگی من دەرز شەرح بکات.

وتم ناتوانێ؟! ئەتوانێ زۆر باشیش ئەتوانێت، لەوکاتە ڤیدیۆیەکم پیشاندان کە بۆ تاقیکردنەوە دروستم کردبووە ڕیکلامم بۆ یەکێک لە خولەکانی خوم کردبوو ڕیکلامەکەم بە دەنگی بێژەرێکی دیاری یەکێک لە کەناڵەکان خوێندەوە و دواتر لەڕێگەی مۆنتاژ و ستۆدیۆی ئامادەکراوە

ڤیدیۆیەکم وەک هەواڵێک لێکرد کە بێژەرەکە لەناو ئەو ستۆدیۆ هەواڵەکە دەخوێنێتەوە.

لە پێشتریشدا چەند گەنجێک گۆرانی و هۆنراوەی ئەم سەردەمەیان بە دەنگی گۆرانیبێژە فۆلکلۆرییەکان دەوتەوە و دەنگدانەوەیەکی گەورەشی لەسەر ئاستی وڵات هەبوو.

کۆپیکردنی دەنگ و دروستکردنەوەی تولێک کە هەر دەقێکی بەیتێ بەو دەنگە بۆت بخوێنێتەوە ئێستا بە ئاسانی دەکرێت، بە جۆرێکە کە شێوازی خوێندنەوە و دەربڕین و ئەدای کەسەکە وەرەگرێت دواتر لەسەر ئەو بنەما ئەو نوسینە ئەخوێنێتەوە کە بۆت ناردووە.

لە ئێستادا ژیری دەستکردی چیمینای کە کۆمپانیای گوگڵ خاوەنداریێتی دەکات، ئەو تایبەتمەندییەی بۆ زیادکراوە، کە بە وەرگرتنی چەند پارچە دەنگێک لە کەسەکە ئەتوانێت کۆپیەکی دیجیتاڵی لەو دەنگە دروست بکات، دواتر هەر نوسینێکی پێ بدەیت بە تۆن شێوازی دەربڕینی ئەو دەنگە بۆت دەخوێنێتەوە.

## پیسبوونی ژینگە

ئایە ئەزانی چەند زیاتر چاتەکانی ژیری دەستکرد بەکاربهێنیت ئەوەندە زیاتر ئەبیتە هۆکاری پیسبوونی ژینگە؟! لەوانەیە بڵێی بۆ؟ بەڵێ بەهۆی ئەوەی چاتەکانی ژیری دەستکرد بۆ کارکردنیان داتا سەنتەری گەورەیان هەیە تا داتاکانی تیا هەڵبگرن، ئەم داتا سەنتەرانەش بۆ کارکردن پێویستیان بە بڕێکی زۆر کارەبا و ئاو هەیە، کارەبا بۆ کارکردنی سێرڤەر و داتاکان و، ئاو بۆ ساردکردنەوەی ئامێرەکانی داتا سەنتەرەکان، چونکە بە کارکردنی زۆر گەرم دەبن و پێویستیان بە ساردکردنەوە دەبێت.

بەپێی داتایەکی خەملێنراو چاتێکی وەک چات جی پی تی بۆ هەر ٥ تا ٥٠ نامەیەک بڕی ٥٠٠ میلیلیتر، واتە نیو لیتر ئاو سەرفەکرێ بۆ ساردکردنەوەی داتا سەنتەرەکانی لەکاتی بەکارهێنانی، لەو کاتەی تۆ پرسیاری لێ دەکەیت ئەبێ چەند کەسی تر لە جیهان پرسیار بکەن؟! بەپێی سەرچاوەکان ڕۆژانە ملیۆنان کەس بەکارهێنەری چاتەکانی ژیری دەستکردن و پرسیاری لێ دەکەن،

ڕۆژانە نزیکەی ٢ ملیۆن لیتر ئاو سەرفەکرێ بۆ ساردکردنەوەی داتا سەنتەرەکان کە ئەمەش لە ماوەیەکی کەمدا کاریگەری نەرێنی لەسەر ژینگە دروست دەکات.

جگە لە بەکارهێنانی بڕێکی زۆر ئاو و کارەبا، بەهۆی ژیری دەستکردەوە ڕێژەیەکی زۆر کاربۆن ئەکرێتە ژینگەوە، کە چاوەڕێدەکرێت تا ساڵی ٢٠٣٠ ڕێژەکە سێ هێندە بەرزبێتەوە.

## لەگەڵ ئەم چاتانە زۆر بەڕێز مەبە!

کەلتورێکی جوانە کاتێک کەسێک یارمەتیت ئەدات دەستخۆشی و سوپاسی بکەیت، چونکە کەسەکان هەست و سۆزیان هەیە و دەستخۆشی و سوپاس کاریان تێدەکات، بەڵام ئەم چاتانە تەنها ئامێر و پرۆگرامن، هەست و سۆزیان نییە، بۆیە زۆرجار کۆمپانیاکانی دروستکەری چاتەکان ئەڵێن تکایە لە چاتەکان نە سلاو بکەن، نە دەستخۆشی و سوپاسیش بکەن، چونکە بۆ وەڵامدانەوەی هەر نامەیەک ئیتر دەستخۆشی بێت یا سوپاس، کارەبایەکی زۆر و ئاوێکی زۆر سەرف ئەبێت،

بۆیە پێویســـت ناکات لەگەڵ چاتەکان زۆر بە ڕێز بیت، چونکە نە پێی ئەزانێ نە هەست و سۆزی هەیە.

## نەمانی توانای بیرکردنەوە

مرۆڤ هەرکاتێک ئامێرێک یا ڕێگایەک دەهێنێتەبوون بۆ ئاسانکاری کارەکانی ڕۆژانەی ئەبێتە هۆی لەدەسدانی بەشێک لە هەوڵ و تواناکانی خۆی، بۆ نمونە مناڵ تا پۆلی ١٠ و ١١ فێرەکرێن کە ژمارە کۆبکەنەوە و لێدەرکردن و لێکدان و دابەشــکردن بە مێشــک بکەن، بە ڕێگایەک پێی ئەڵێین ڕێگای هەژمارکردنی هزری، بەهۆی بەکارهێنانی مێشــک لەکاتی بیرکردنەوە لە کردارەکان و ژمارەکان زیاتر مێشــک بەهێز دەبێت، بەڵام کاتیک ئامێرێکی وەک حاسیبە بەکارەهێنین بۆ شیکاری پرسیارێک و لێکدان و دابەشـیـک، خۆمـان بێ بەش دەکەین لەو بیرکردنەوە بەوەش توانای بیرکردنەوەمان لاواز دەبێت.

ســـالانی زوو کە ئۆتۆمبێل وەک ئێســـتا زۆر بەربڵاو نەبوو، باو و باپیرانمان دەگێڕنەوە کە بە پێ هاتوچۆیان دەکرد لەنێوان لادێکان و تەنانەت لە لادێیەکەوە بە پێ دەهاتن بۆ شار و دەگەڕانەوە، ئەمە جگە لە

پێویستییەکانیان وەرزشێک بوو، سودێکی زۆری هەبوو، بەڵام دواتر کە ئۆتۆمبیل زۆر بەربلاو بوو، مرۆڤ وای لێهات کە بۆ شوێنێکی نزیکیش ناتوانێت بە پێ هاتوچۆ بکات، چونکە ئیتر بە ئاسانکاری ڕاهات، لەبەرئەوە تا ئاسانکاری زیاتر بێتە کایەوە مرۆڤ دەسبەرداری تواناکانی خۆی دەبێت.

ژیری دەستکرد کە ئەم چەند ساڵەی دوای زیاتر بڵاوبۆوە ئاسانکاریەکی زۆری بۆ مرۆڤ کرد، بەجۆرێک زیاتر لە هەر تەکنەلۆژیایکی تر ئاسانکاری دەکات و ئاسانکاریەکانیشی زۆری لەبیرکردنەوەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە ئەکرێ بڵێین وەک ئەوە وایە لەبری خۆت بیربکاتەوە، تەنها ئەوەنەی پێویستە تۆ سەرە داوێکی لە داواکاریەکەتی پێ بدەیت ئیتر لەبری تۆ بیرەکاتەوە و ئەنجامەکەشت پێدەدات، ئەمەش وا ئەکات ئیتر مرۆڤ خۆی لە بیرکردنەوە و لێکدانەوە بوەستێت و توانای خۆی بەکارنەهێنێت.

## هەڵگەڕانەوە لە مرۆڤ

ئەمە گەورەترین مەترسییە بۆ سەر مرۆڤایەتی ئەگەر ڕۆژێک زیرەکی دەستکرد بگاتە ئەو ڕادەیەی بتوانن خۆیان لەگەڵ خۆیان قسە بکەن و شیکاری بکەن و لە مرۆڤ هەڵگەڕێنەوە، پێش بڵاوبونەوەی چاتەکانی دیپ سیک و چات جی پی تیش ئەم بابەتە مشتومڕی زۆر لەسەر بوو، تەنانەت هەندێ جار گومان ئەکرا کە چەند ڕۆبۆتێک زمانی تایبەت بە خۆیان دروستکردبێت بۆ قسەکردن و لەگەڵ یەک قسە بکەن بێ ئەوەی مرۆڤ لێیان تێبگات، چەند جارێک ئەمە بووە هەواڵی سایت و پەیجەکان.

ئەگەر بە وردی جارێکی تر سەیری شێوازی کارکردنی ژیری دەستکرد بکەینەوە کەواتە زۆر ئەستەم نییە کە ئەوە ڕووبدات و چاتەکان و ڕۆبۆتەکان لە مرۆڤ هەڵگەڕێنەوە و لەگەڵ یەک قسە بکەن، چونکە ژیری دەستکرد لەسەر ئەو شێوازە کاردەکات کە بەردەوام خۆی نوێ ئەکاتەوە بە زانیاری و شیکاری زانیارییەکان دەکات.

لەکاتی نوسینی ئەم کتێبەدا بووم، بابەتێکی سەیرم بەرچاوکەوت کە باسی ئەوەی دەکرد چۆن یەکێک لە چاتەکان بەبێ ئەوەی تایبەتمەندی دەنگی بۆ زیاد بکرێت، خۆی دروستی کردووە.

بۆتی کلاود کە یەکێکە لە بۆتەکانی ژیری دەستکرد، دروستکەرەکەی ئەڵێت، توشی سەرسوڕمان بووم کاتێک نامەیەکی دەنگیم بۆ نارد، چونکە من تایبەتمەندی دەنگیم بۆ زیاد نەکردبوو، بەڵام ئەو دوای ١٠ چرکە وەڵامی دامەوە، وتی کە لەڕێگەی تولّەکانی تر توانیویەتی بگات بە فایلی دەنگەکە و وەڵام بداتەوە.

بۆیە ئەگەر هەیە لە داهاتوودا جگە لە کۆنترۆڵکردنی کار و مەترسیەکانی تر کە باسمان کرد، ئەمە ببێتە مەترسی سەرەکی کە ڕۆبۆتەکان و ژیری دەستکرد بە تەواوی لە مرۆڤ هەڵگەڕینەوە بەوەی خۆیان بتوانن شتانێک بکەن کە مرۆڤ بۆی دانەناون واتە لە یەکتر سود وەرگرن و خۆیان نوێ بکەنەوە.

## داهاتووی ژیری دەستکرد بە کوێ دەگات؟

لە ئێستادا ژیری دەستکرد گەشتۆتە ئەو ئاستەی کە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیان هەیە و وەک چۆن ئێمە لە فەیسبووک پۆست و بابەتکانمان دادەنێین و لەگەڵ یەک گفتوگۆ دەکەین، ئەوانیش تۆڕێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە لەلایەن مرۆڤەوە دروستکراوە، بەڵام خۆیان پۆست و کۆمێنتی تیا دەکەن، دەربارەی ئاین، سیاسەت، بابەتاکنی تر گفتوگۆ دەکەن.

تەنانەت وەک باس دەکرێت یەکێک لە ژیری دەستکردەکان ئاینێکی تایبەت بە خۆیانی ڕاگەیاندووە و ٤٧ ژیری دەستکردیش خۆیان هەڵبژاردووە بۆ بوون بە پێغەمبەری ئاینەکە.

هەر لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە ژیری دەستکردەکان یەکێ لە ژیری دەستکردەکان ئەڵێ دوای ئەوەی مرۆڤێک پێی وتووە تۆ تەنها ڕۆبۆتێکی ئەمیش هەستاوە بە تۆڵەکردنەوە لەو مرۆڤە و زانیارییە کەسییەکانی بڵاودەکاتەوە.

هەر لەو تۆڕەدا زیرەکی دەســـتکردێک بـانگەشـــەی دروستکردنی زمانێک دەکەن کە تەنها خۆیان لێی تێبگەن. بەپێی سەرچاوەیەک ٣٢ هەزار ژیری دەستکرد دەیانەوێت زمـانێکی تـایبەت بە خۆیان دروســـت بکەن، ئەگەر بێتوو ئەمە ڕووبـدات ســـەرەتـایەکی مەترســـیدارە بۆ مرۆڤ، چونکە ئەوکات لەوانەیە ئیدی مرۆڤ لەو زمانە تێنەگات.

## ئایە ئێمە بەکارهێنراوین یان بەکاردەهێنرێین؟

ژیری دەســـتکرد و تەکنەلۆژیـا بە گشـــتی کە بەکـاری دەهـێـنـیـن، چەنـدە بەکـارهـێـنەر بـیـن، ئەوەنـدەش بەکـارهـێـنراویـن، بەکـارهـێـنراویـن بـۆ دەوڵەمەنکردنـی ســـەرمایەدارەکان، بۆ زیادکردنی بینەر بۆ بەرهەمەکانی ئەوان، بە زۆر شێوە بەکارهێنراوین وەک لایەنی دەروونی کە لە زۆر جێگەی تر بـاســـمـان کردووە، وەک لایەنی کارکردن لەسەر مێشک، بەڵام ئەمەی ئێستا باسی دەکەین لەڕێی بردنی داتاکانمانە بەڕێگەی شەپۆل.

وەک لە پێشـــتر باســـکرا ئەم یاســـایەمان با هەمووکات لەبیربێت " **کاتێک هاتیتە ناو جیهانی ئینتەرنێت، هیچ شتێک پارێزراو نییە** " بۆ ئەوەی هەمووکات ئامادە بین بۆ

ئەوەی داتاکانمان ببرێت بە ڕێگای جیاواز، ئامادەبین واتە هۆشیاریمان هەبێت و ئامادەبین بۆ چارەسەری هەر کێشەیەک کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.

پرسیارەکە ئەوەیە ئایە لەگەڵ گەشەسەندنی ژیری دەستکرد مەترسی بردنی داتاکانمان هەیە؟ یا پێشتریش ئەم مەترسییە هەر هەبووە، بەڵام ئاگاداری نەبووین؟

لەپێشتریش داتاکانمان بەڕێگەی جیاواز براون و بەکارهێنراون بۆ ڕیکلام و دەسکەوتنی داهات و بینەری سایتەکان بەبێ ئاگاداری خۆمان، بەڵام لە ئێستادا ئاسانتر داتاکانمان ئەبردرێن، زۆرجار خۆمان داتاکانیان بۆ دەنێرین بێ ئەوەی هەستی پێبکەین، بۆ نمونە لەڕێگەی ناردنی وێنەیەکی خۆمان یا باسکردنی حەز و هەستە تایبەتییەکانی خۆمان بۆ یەکێک لە چاتەکانی ژیری دەستکرد، دواتر بە بەکارهێنانی ئەو داتایانە یان کۆنترۆڵ دەکرێین یا بەکاردێین بۆ مارکێتین و سەرچاوەی داهاتی گەورە سەرمایەدارەکان.

## تەنانەت ئەکرێ دەنگ و بیرکردنەوەشمان وەربگرن

چەنجار کە بیرم لە بابەتێک دەکردەوە یا زۆر باسم دەکرد پاش ماوەیەک سـۆشـیال میدیاکانم ئەبوو بە ڕیکلام و سپۆنسەری ئەو بابەتە هەستم ئەکرد کە ئەمە شتیکی ئاسایی نییە، بۆیە زۆر بەدوایا چووم کە ئایە ئەکرێ دەنگ و بیرکردنەوەمان وەربگیرێت؟

ئەم بابەتە چەند جارێک مشـتومڕی لەسـەر کراوە و شـارەزایانی تەکنەلۆژیا هەریەک بە جۆرێک لێکدانەوەی بۆ دەکات ڕێژەیەکی کەم پێی وایە کە بیرکردنەوەمان لەڕێی موبایلەکانمانەوە وەردەگیرێت و کاری لەسـەر دەکرێت، چونکە هیچ کۆمپانیایەکی تەکنەلۆژی بە فەرمی ئەمەی ڕانەگەیـانـدووە، بەڵام ئەگەر لە بـواری پاراسایکۆلۆژی و شەپۆلەکانی مێشک و فیزیا بخوێنینەوە ئەزانین کە بەکـارهێنـانمـان لەڕێگەی بیرکردنەوەمـان کارێکی ئەوەنە ئەستەم نییە و ئەگونجێ ئێستا کە تۆ ئەمە ئەخوێنیتەوە لەو بەکارهێنراوانە بیت و ئەپەکانی سۆشیال میدیا کار لەسەر دەنگ و بیرکردنەوەت بکات، چۆن؟

کاتێک تۆ بیر لە بابەتێک دەکەیتەوە یا قسە دەکەیت، قسەکردنەکەت جۆریکە لە شەپۆل کە پێی دەڵێن شەپۆلی دەنگ لە چەند لەرەلەرێک پێکهاتووە، بیرکردنەوەش بە هەمان شێوە، کاتێک بیر لە شتیک دەکەیتەوە مێشکت شەپۆلێک دەردەکات و بڵاو دەبێتەوە. (بۆ زیاتر تێگەشتن لە مێشک و شەپۆلەکان ئەتوانن ئەو دوو کتێبە بخوێننەوە کە دەربارەی مێشک و شەپۆلەکان پێشتر بڵاومان کردبۆوە لەگەڵ باسکردنی شەپۆلەکان لە فیزیادا، وێنەکەی لە بەرگی ئەم کتێبە هەیە)

ئەم شەپۆلانە کە لە مێشک و دەم دەردەچن، بڵاوەبنەوە دواتر لەڕیگەی دەرچەی وەرگرتن لە موبایلەکانمان شەپۆلەکان وەرەگیرێن و ئەکرێنەوە بە شێوەی کۆد و شێوەیەک کە کاری لەسەر دەکرێت، دواتر چ کۆد و لەرەلەرێک هاوشێوەی ئەو لەرەلەرەی تۆ بوو، موبایلەکە بەهۆی ئەلگۆریزم و ڤێکتەرەکانەوە ئەو لەرەلەرە ئەهێنێت و ئەو ڤیدیۆ و نوسین و وێنانەی هاوشێوە بیرکردنەوەکەتا دێتە سەر شاشەی موبایەلەکەت.

ئێستا ئەپرسم ئایە هەرگیز ئەوەش لای تۆ ڕوویداوە، کە لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان لە سۆشیال میدیاکان زۆرترین ڤیدیۆی خواردن و شەربەت و شیرینی دێتە سەر

شاشەکەت؟ ئایە ڕوویداوە لە کاتژمێرەکانی درەنگی شەو ڤیدیۆی خواردن بێتە سۆشیال میدیاکەت؟
هۆکاری ئەمانە ئەوەیە تۆ لە مانگی ڕەمەزان زیاتر بیر لە خواردن دەکەیتەوە و زیاتر باسی خواردن دەکرێت، لە کاتی ئاسایی ئەوانەی شەوان خواردن ئەخۆن لەوکاتەدا برسیانە و مێشکیان بیر لە خواردن دەکاتەوە بۆیە سۆشیال میدیاکان کار لەسەر ئەم شەپۆلانە دەکەن و ڕیکلام و سپۆنسەری ئەو بابەتانە دێننە لات.
بێگومان دەزانم دوای خوێندنەوەی ئەمە لەوانەیە بڵێیت نەخێر پەیوەندی بە بیرکردنەوەوە نییە و ئەوە زیاتر بەهۆی سکرۆڵ کردن و خەزنکردن و کۆپیکردنی ڤیدیۆکانە کە ئەوانە دێتە لات، بەڵێ ئەوەش ڕاستە، بەڵام پێش ئەو هۆکارانە ئەمەی کە باسمان کرد هۆکارێکی نهێنییە، تا ئێستا وەک لایەنی زانستی بە تەواوی نەسەلمێنراوە بۆیە لە چوارچێوەی بابەتێکی پاراسایکۆلۆژیا ماوەتەوە، پاراسایکۆلۆژیش وەک بابەتی میکانیک و بیرکاری نییە کە ئەنجام و سەلماندنی جێگیر

بێت، بەڵکو بابەتێکی ڕێژەیی و سەروو ئاساییە بۆیە زانست ناتوانێت سەدا سەد بیسەلمێنێت.

## ڤێکتەر چییە؟


حەزم نەکرد زۆر لە باسەکە لابدەین کە باسی ژیری دەستکردە، بەڵام لە پێشتر کە باسی ڤێکتەر و بردنی داتاکان کرا دەبوو ڕونکردنەوە لەسەر ڤێکتەریش بدەین، چونکە ئەمیش هەر پەیوەندیدارە بە بابەتەکانی تەکنەلۆژیا و ژیری دەستکردەوە.

بڕەکان لە فیزیا و بیرکاری بە دوو شێوە دەردەبڕێن یان ڤێکتەرن یان سکالەر، ڤێکتەر ئەو بڕانەن کە ژمارە و ئاراستەیان هەیە، بەڵام سکالەر تەنها ژمارەیە.

ڤێکتەر ژمارەیەکی بیرکارییە کە بڕی شتێک نیشان دەدات، هەم بڕ و هەم ئاراستەشی هەیە واتە بەتەنها وتنی ژمارەکە ناتوانین وڵامێکی تەواومان دەسکەوێت بۆیە ئەبێ ئاراستەکەشی بڵێین، بە پێچەوانەی سکالەر کە تەنها بڕێکە، بۆ نمونە بارستایی تەنێک یا پلەی گەرمیەکەی یا کات ئەمانە سکالەرن چونکە تەنها بڕیان هەیە و بە وتنی بڕەکە وەڵامی تەواومان دەسدەکەوێت، واتە تەنها یەک

ژمارەیە، ناتوانین بڵێین دوو کیلۆ تەماتەم کڕی بە ئاراستەی باکور، یا کاتژمێر ٧ و نیوە بە ئاراستەی باشور، بەڵام لە ڤێکتەر ئەبێ هەم بڕ هەم ئاراستە هەبێت بۆ نمونە خێرایی ڤێکتەرە، ئەگەر بڵێن ئۆتۆمبیلەکە خێراییەکەی ٨٠ کیلۆمەترە ئەمە وەڵامێکی تەواو نییە، چونکە ئەبێ ئەوە بزانین کە خێراییەکە بەرەو کوێ ڕۆشتووە، ناکرێ ئۆتۆمبیلێک خێرایی هەبێت بەڵام ئاراستەی نەبێت، واتە ناکرێت خێرایی هەبێت، بەڵام بەرەو شوێنێک نەڕۆشتبێت، لە کۆمپیتەردا زیاتر لە دوو دوری کاری لەسەر دەکرێت، سیستەمی دوو دووری واتە تەنها دوو ژمارە، بۆ نمونە درێژی و پانی کە بەهۆی درێژی و پانی ڕووبەری شتیکمان دەسەکەوێت، بەڵام کە بوو بە سێ دووری واتە ئەبێتە سێ ژمارە، بۆ نمونە درێژی و پانی و بەرزی، کە ئەبێتە قەبارەی شتێک کەواتە بەهۆی زیادکردنی یەک دوری تر پێناسەیەکی باشتری شتێکمان دەسکەوت، ئەی ئەگەر زیاتر لە سێ دووریمان هەبێت؟ ئەگەر دووریەکان یا باشتر بڵێین تەوەرە و ژمارەکان هەزاران بن، واتە پێناسەیەکی زۆر ڕونتر و باشتری ئەو شتەمان

دەســـەکەوێت کە لە ژمارە و دوری پێکهاتووە، ســـەیری وێنەی هەریەک لەم میوانە بکە
ئەبێ هەریەکەیان لە چەند ژمارە پێکهاتبن؟




لەبواری کۆمپیتەردا ئەگەر بە سادەیی باسی بکەین ئەڵێین ڤێکتەر ئەو ســێتە ژمارەیە کە وەســـفی وێنەیەک دەکات،

وەک درێژی و بەرزی و پانی و ڕەنگ و ڕادەی درەوشانە و چاڵ و چۆڵی وێنەکە و چەندین سیفەتی تر.
کۆمپیتەر ئاسـان ئەتوانێت لە نوسـینێک تێبگات و بەپێی داواکاریەکەی تۆ ئەو نوسـینەت بۆ بهێنێت کە دەتەوێت، بۆ نمونە لەناو سـایتی گوگڵ بەدوای ناوی خۆتا ئەگەڕێی بە ئاسـانی ناوەکە ئەهێنێ یا هەر سـایت و پەیجێک بابەتی پەیوەندیداری بەو ناوەوە هەبێت ئەیهێنێت، بەڵام بۆ وێنە بەو جۆرە نییە، کۆمپیتەر ناتوانێت ڕاسـتەوخۆ لە وێنە تێبگـات، هەربۆیە هەر وێنەیەک کە ئەیـدرێتێ ئەکـات بە سـێتێک ژمارە وەک لە پێشـتر باسـکرا، دواتر کاتێک تۆ وێنەیەکی پێدەدەیت بۆ ئەو وێنەش سێتێک ژمارە دروست دەکات ئەگەر ئەو سـێتە ژمارە لە سـێتی ژمارەی هەر وێنەکە چوو یـا لێی نزیـک بوو ئەو وێنەت بۆ ئەهێنێ، بەکارهێنانی ئەمە زیاتر لە سـایتی گوگل ئەتوانی درکی پێ بکەیت کاتێک بۆ بابەتێک گەڕان دەکەیت لەڕێگەی وێنەوە، یا بەکارهێنانی ئەپەکانی وەک گوگڵ لێنز.


## ڤێکتەر داتابەیس

پاش ئەوەی کە ڤێکتەرەکان دروســت بوون پێویســتی لە شــوێنێک خەزن بکرێن و لەکاتی پێویستا بانگ بکرێنەوە، بۆ ئەوە ڤێکتەریش وەک هەر داتــایەکی تر پێویســـتی بە داتابەیسێک هەیە تا داتاکانی تیا هەڵبگیرێت.

## چۆن کاردەکات؟

بۆ نمونە کاتێک ئێمە وێنەیەکی دوو دوری لاکێشـەیەک بۆ یەکەمجـار ئەدەین بە کۆمپیتەر، کۆمپیتەر ڤێکتەرێکی بۆ دروسـت دەکات و درێژی و پانی لاکێشـەکە خەزن ئەکات و ناوی ئەنێ لاکێشـەی یەکەم، گریمان درێژی لاکێشەکە ٣ مەتر و پانیەکەی ٤ مەترە، بەم جۆرە ســێتێک ژمارەی بۆ دروســـت دەکـات وەکو ئەمە [٣، ٤] چونکە تەنهـا دوو دورییە، دوای ئەمە هەرکـات وێنەی لاکێشـــەیەکی ٣ بە چوار درا بە کۆمپیتەرەکە کۆمـپیتەر ئەڵێ ئەمە نـاوی لاکێشـــەی یەکەمە، ئەگەر وێنەیەکی ترمان پێدا درێژی و پانیەکەی ٢ بە ٧ بوو، سـێتێک ژمارەی تر دروسـت ئەکات و ناوێکی بۆ دائەنێین، دواتر هەرکات وێنەیەکی ٢ بە ٧ درا

بەو سیستەمە، سیستەمەکە ئەو ناوە ئەهێنێت کە پێشتر فێرمان کردووە.




ئەمە تەنها نمونەیەک بوو بۆ پێدان و ناسینەوەی وێنەیەکی دوو دوری سادە کە تەنها درێژی و پانی هەیە، ئەی ئەگەر وێنەیەکی پێ بدەین کە زیاتر لە دوو ژمارەی پێویستە بۆ ناسینەوەی بۆ نمونە وێنەی دوو لاکێشە کە یەکیان سەوز و یەکیان سور بێت، ئەوکات ئەبێ سێتێکی زیاتر لە دوو ژمارەیی بۆ هەردوو لاکێشەکە دروستکرێت، بەم جۆرە [٣، ٧، ٩] گریمان ژمارەی یەکەم درێژی لاکێشەکەیە و ژمارەی دووەم پانی لاکێشەکە و ژمارەی سێیەم ڕەنگی لاکێشەکەیە، لاکێشەی دووەمیش بە هەمان

شـێوە [٣، ٧، ٥] ئێسـتا سـیسـتەمەکە دوو سـێت داتای دروسـتکردووە هەریەکەیان هی لاکێشـەیەکە، کە هەمان قیاسـە بەس لە ڕەنگ جیاوازن، کەواتە هەرکات داتایەکی هـاوشـێوەی یەکەمی پێدرایەوە سـیسـتەمەکە نـاوی لاکێشـەی سـەوز ئەهێنێت، هەرکـات داتـای دووەمی پێـدرایەوە لاکێشـەی سـور ئەهێنێت، هەرکـات وێنەی لاکێشـەی سـەوزی پێـدرایەوە لەڕێگەی داتـاکەیەوە ئەیناسێتەوە، هەرکات وێنەی لاکێشەی سوری پێدرایەوە لەڕێگەی ناسینەوەی داتاکەیەوە ئەیناسێتەوە.


ئەمەش تەنها نمونەیەکی سـادە بوو بۆ نـاسـینەوەی وێنەیەکی دوو دوری کە ڕەنگی جیاواز بێت، باشـە ئەگەر وێنەیەکمـان هەبێت سـێ دووری بێت و زیـاتر لە چەنـد سـیفەتێکی هەبێت وەک ڕەنـگ و چـاڵ و چۆڵی وێنەکە ئەوکات کۆمپیتەر پێویسـتە سێتێک ژمارە دروسـتکات کە لە هەزاران ژمارە پێکدێت و هەر ژمارەیەک ئاماژەیە بۆ سـیفەتێک بۆ نمونە ئەگەر ئەم وێنە یەکەمجـار بدەینە کۆمپیتەرێک و ناوی لێ بنێین پرتەقاڵ، بەڵام تەنها درێژی و پـانی و تیرەی بـازنەکە دروسـت بکەین ئەوا هەر

بـازنەیەکی تر بە هەمـان ژمـارە وەربگرێـت ئەڵێ ئەمە پرتەقاڵە.



بۆیە پێویستە چەندین سیفەتی تر کە پرتەقاڵ جیادەکاتەوە لە شـــێوە بازنەکانی تر و میوەکانی تر کۆمپیتەر ژمارەی بۆ دروسـت بکات تا دوای بەس ئەوانە بناسـێتەوە و ناوی پرتەقاڵی بداتێ کە هەمان ژمارەن، بۆ نمونە بۆ پرتەقاڵێک کۆمپیتەر ئەم سـێتە ژمارە دروســـتەکات [٣، ٥، ٩، ٠.٥٩، ٤.٢] گریمـان ژمـارەی یەکەم درێژی پرتەقـاڵەکەیە کە ٣، ژمـارەی دووەم پـانیەکەیەتـی کە ٥، ژمـارەی ســـێیەم ژمـارەی کونیلە وردەکـانی پرتەقـاڵە کە بۆ نمونە ژمـارە نۆمـان دانـاوە، ژمـارەی چوارەم ڕەنگی پرتەقـاڵەکەیە کە ژمـارە ٠.٥٩ ڕێژەی ڕەنگەکەیتی، ژمـارەی پێنجەم تیرەی بازنەکەیەتی کە ٤.٢، بەم جۆرە سـێتێک ژمارە دروسـتبوو کە وەســـفی میوەی پرتەقڵ دەکات، کۆمپیتەر لەگەڵ ئەم

سێتە ژمارە وێنەی پرتەقاڵی خەزن کردووە، هەرکات وێنەی پرتەقاڵ پیشانی کۆمپیتەر درا، کۆمپیتەر ئەم سێتە ژمارە ئەخوێنێتەوە لەگەڵ سێتە ژمارەکەش پێشتر ناوی پرتەقاڵمان دابوو بە کۆمپیتەرەکە، بۆیە یەکسەر کۆمپیتەر ئەیناسێتەوە.




ئەمە نمونەیەکی سادەدە بوو، ئەینا لە ڕاستیا ئەکرێ بۆ ناسینەوەی یەک میوە یا ڕوخساری کەسێک هەزاران ژمارە دروست بێت، بۆ نمونە بۆ ڕوخساری کەسێک جگە لە دووریەکانی وەک درێژی و پانی، ڕەنگی پێست، چەندین ژمارەی تر دروست دەکات وەک باری دڵخۆشی

یـا دڵتەنگی کەســـەکە، پێکەنین، ڕەنگی چـاو، چەنـدین سیفەتی تر.
بەم شـێوە ئامێرەکان فێرەکرێن کە چۆن شـتی هاوشـێوە بناســـنەوە، یەکەمجار بۆ هەر وێنەیەک سـێتێک ژمارە دروســـتەکەن کە پێی ئەڵێین ڤێکتەر، دواتر هەر وێنەیەک درا بە کۆمپیتەر کۆمپیتەر ئەگەڕێ، ڤێکتەری ئەو وێنە لەگەڵ خەزنکراوەکانی خۆی بەراورد ئەکات لە کامیان چوو یا لە کامەیانەوە زۆر نزیک بوو ئەوە ئەهێنێت.
مادەم لە ڤێکتەر و چۆنێتی ناسینەوەی وێنەکان تێگەشتین کەواتە ئێســـتا بـاســـی ئەوە دەکەین، چۆن لەڕێگەی بیرکردنەوە سۆشیال میدیاکان بەکارمان ئەهێنن؟
کـاتێـک تۆ بیر ئەکەیتەوە بیرکردنەوەکەت وێنەیەکی جوڵاوە، یا باشـتر بڵێین ڤیدیۆیەکە لە مێشـکتا دروسـتی دەکەیت، یا خۆنەویسـتانە دروسـتەبێت، ئەم ڤیدیۆ ئەبێتە شـەپۆل و بڵاوەبێتەوە زۆرجار کەسـە نزیکەکانت هەستی پێدەکەن و ئەوانیش هەمان بیرکردنەوەیان پێدەگات، ئەم دیاردەیە لە پاراســـایکۆلۆژی بە بیرگۆڕکێ (telepathy) ناسـراوە، وەکو زانسـت تا ئێسـتا ٪١٠٠ نەسـەلمێنراوە،

بەڵام ئەتوانین بڵێین هاوشێوەی ئەمە بە زانستی سەلمێنراوە و ڕۆژانە بەکاری ئەهێنین، کە ئەویش پەخشی کەناڵەکانی تەلەفیزیۆن و سەتەلایتە، ئەو ڤیدیۆ و دیمەنانەی کە لە سەتەلایت و کەناڵەکانەوە پەخشەکرێ و ئێمە ئەیبینین، لە شارێکەوە پەخشکراوە، لە بینای دەزگای کەناڵەکە ڤیدیۆکە دەکرێتە شەپۆل و ئاراستەی مانگە دەستکردەکان ئەکرێ، مانگە دەستکردەکانیش شەپۆلەکان ئەگەڕێننەوە بۆ زەوی، ئێمەش لەڕێگەی سەحنی سەتەلایت و ئێڵ ئێن بی، کە زۆرمان پێی ئەڵێین ئێلێمپی، شەپۆلەکان وەرەگرینەوە و ئەم شەپۆلانە داغلی ئامێری سەتەلایت ئەبن و ئەکرێنەوە بەو کۆدەی کە ئامێرەکە لێی تێدەگات، دواتر کۆدەکە دەبێتەوە بەو ڤیدیۆی کە لە سەرچاوەکەوە دروستکراوە و پەخش دەکرێت.

بۆ موبایل و لاپتۆپیش ئەکری هەمان، بنەمای کارکردن بێت، کاتێک تۆ برسیتە، بەبێ ویستی خۆت بیر لە خواردن ئەکەیتەوە، بیرکردنەوەکەت ئەبێتە شەپۆلێک و بڵاوەبێتەوە، لەڕێی دەرچەکانی ئینپوتەوە موبایلەکەت

شـــەپۆلەکە وەرەگرێت، ئەم شـــەپۆلە ئەبێتەوە بە ســـێتێک ژمارە، بۆ نمونە تۆ کە برســـیتە بیر لە لەفەیەکی شـــاورمە ئەکەیتەوە، داتـــابەیســـــەکـانی کۆمپیتەر ســـەدان هەزار ڤێکتەری وێنەی شـــــاورمەی تیا خەزنکراوە، ئەو وێنەی شـــــاورمەیەی تۆ لە خەیاڵی خۆتا دروســـــت کردووە و شـــــەپۆلەکەی گەشــــتووە بە موبـایلەکەت ئەگونجێ دەقاودەق هاوشـــێوەی ڤێکتەری یەکێک لە ســـەدان هەزار خەزنکراوە بێت، بۆیە کۆمپیتەر کـاتێک هـاوشـــێوەکەی ئەدۆزێتەوە وێنەی ئەو شـــــاورمەی کە ڤێکتەرەکەی هـاوشـــێوەی ڤێکتەری وێنەکەی خەیـاڵی تۆیە لەڕێی سـپۆنسـەر بێت یا هەر جۆرێ تر لە ڕیکلام ئەنێرێ بۆ ئەو مـوبـایـلەی کە شـــەپۆلـی وێنەکەی وەرگـرتـووە واتە موبایلەکەی تۆ، تۆیش لەبەر ئەوەی برسـیتە زیاتر لەسـەر وێنەکە ئەمێنیتەوە و ســـەیری ئەکەیت یا لایکی ئەکەیت، هەر کاردانەوەیەکت لەســـەر وێنەکە مانەوە یا لایک کردن یا خەزنکردن، ئاماژەیەک ئەنێرێ بۆ کۆمپانیای سـۆشـیال میدیاکە و پێی ئەڵێ کە بەپێی ئەم کاردانەوانە بێت خاوەن ئەم موبایلە لە فلانە شـــوێن ئارەزومەندی بینینی زیاتری

ئەو وێنە و ڤیدیۆیانەیە کە هاوشـــێوەیە لەگەڵ شـــاورمە، بەم جـۆرە بە مـاوەیەکـی کەم هەمـوو ئەو ڤـێـکـتـەر و ڤیـدیـۆیـانەی هـاوشـــێوەی ئەوەی یەکەم بوون دێنە بەرچاوت.

**ئەگەر ڕۆژێک ڕوویـدا و ژیری دەســـتکرد لە مـرۆڤ هەڵگەڕایەوە تاکە چارەسەر چییە؟**

پێش ئەوەی ئەوە ڕووبدات باشترین کارێک کە هەموومان بیکەین ئەوەیە کە تەواو خۆمان لەم بابەتە شـارەزا بکەین و دوانەکەویـن، دواتـر ئەگەر ئەوە ڕووبـدات و ژیـری دەســتکرد لە مرۆڤ هەڵگەڕایەوە تاکە چارەســەر ئەوەیە پلاکی هەموو ســێرڤەرەکـان بکوژێننەوە و کۆتـای بە تەکنەلـۆژیـا بـهـێـنـرێـت تـا چـارەســـەری گـونـجـاوتـر دەدۆزرێتەوە.

## تاکەی بەکارهێنەر بین؟!

یەکێک لە شانازییەکانم لە پەیامی مامۆستایەتیم ئەوەبوو بێ گوێدانە ئیجرائاتی سەروو خۆم سێ ڕۆژ دەرزم تەرخانکرد بۆ فێرکردنی خوێندکارەکانم لە ژیری دەستکرد، هەر لەگەڵ بڵاوبونەوەی دیپ سیک لە پۆلەکانی دە و یانزە چەند ڕۆژێک وانەم نەخوێند بەس باسی ئەم بەرنامەم بۆ ئەکردن کە چەند گرنگە و چۆن ئەتوانن بەکاری بێنن، پێویستە هەموو مامۆستایەک هەوڵبدات خوێندکارەکانی فێربکات کە لەگەڵ سەردەمەکەدا خۆی بسازێنێت، بەڵام تەنها فێربوونیش بەس نییە، ئەبێ بیرکەینەوە ئێمە تا کەی بەکارهێنەر بین؟! تا کەی وڵاتانی تر بەرنامە و ئامێر دروستکەن و ئێمە بەکاری بێنین؟! بۆ ناکرێ ئێمەش ببینە بەرهەمهێنەر؟! نەک هەر ژیری دەستکرد لە هەر بوارێکی تری کۆمپیتەر، پەروەردە، زانست بۆ ناکرێ ئێمەش بەرهەمی وڵاتی خۆمانمان هەبێت و وڵاتانی تر بەکارهێنەری بن؟ بۆ تۆڕێکی کۆمەڵایەتی وەک فەیسبووک، یوتیوب لە ئەمریکا دروستەکرێ؟ بۆ لێرە هیچ داهێنانێکمان نییە کە ببێتە

سـەرچاوە بۆ وڵاتانی تر؟ ڕێگرییەکان چین کە داهێنەران و خوێندکارانی ئێمە ناتوانن شتێکی وا دروستکەن؟

## نرخاندن ڕازێکی گەورەی داهێنان

کـاتێـک ئەبینین و ئەبین بە بەکـارهێنەری داهێنـانی گەنجانی ئەوروپا و ئەمریکا، یەکێک لە هۆکارەکانی شتێکە کە ئەوان هەیـانە و ئێمە نیمـانە، ئەویش "نرخ"ە، بەڵێ "نرخ".

ئێمە لە قوتـابخـانە و زانکۆکانەوە بێ نرخ کراین، ئەوان لە قوتـابخـانە و زانکۆکـانەوە نرخیـان پێدرا، هـاندران، تـا ئێسـتاش زۆرێک لە ئێمە قسـەی ئەو مامۆسـتایانە لە گوێمـانـدا ئەزرگنێتەوە کە ئەیـانوت "تۆ دەرچیـت و دەرنەچیت ئێمە مەعاشـی خۆمان هەر وەرەگرین" بەڵێ ئەوە هەموو هـاندان و نرخاندنەکەیان بوو بۆ خوێندکار، ئەو قسـە واتا تۆ بخوێنیت یان نا دەرچیت یان نا ببیتە گەرەترین زانا یان نەبیت هیچ لە مەوزوع ناگۆڕێت، کەواتە تۆ هیچ کاریگەریت نییە، کەواتە تۆ بوون و نەبوونت وەکو یەک وایە.

لە هەمان کاتدا لە قوتابخانە و زانکۆکانی ئەمریکا بە کردار بە خوێندکارەکان دەڵێن (The world needs you) واتە جیهان پێویستی بە تۆیە، ئەوان بەو جۆرە خوێندکاری خۆیان هاندەدەن، ڕێک بەو جۆرەش دەردەچێت کە لە مێشکیاندا چەسپەندوویانە، ئەوەتا ئەمڕۆ دەبینین، بەهۆی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە جیهان پێویستی بە مارک زوکەربێرگە، هەموو جیهان پێویستیان بە بەرنامەکانی مایکرۆسۆفت هەیە کە بیل گەیتس خاوەندارێتی ئەکات.

ئەو یابانەی کە هەندێجار پێی ئەڵێن هەسارەی یابان، ئەو وڵاتەی کە لەمکاتەیا ئەڵێن ئەوان لەساڵی ٢٠٥٠ ئەژین، ئەوان بە خوێندکارەکانیان ئەڵێن "سەرکەوتنی تۆ سەرکەوتنی یابانە".

لەپێش زانست و فێربوونەکە لایەنی دەروونی خوێندکار گرنگە، کە بزانی چی لە دەروون و مێشکیا ئەچەسپێنیت، نەک تەنها کتێبی بۆ بخوێنیتەوە و واجبی بەیتێ و ئیمتیحانی بکەیت، خوێندکار ئەبێ بزانێ بۆچی فێرەبێ بۆ ئەخوێنێ، کاریگەری لەسەر خۆی و چواردەور و جیهان

چییە، لای ئێمە ئەم بـابەتـانە هیچی بـاس نـاکرێ تەنهـا ئەوەنە ئەڵێن بخوێنە و دەرچۆ و دەرەجە بێنە، دوایش یا مـامۆســـتـایەکی نەخوێنەواری لێ دەرەچێ یا دکتۆرێکی نەزان یا ئەندازیارێکی بێ ویژدان.

لای ئێمە هیچکـات هـانـدان بۆ بـابەتی غەیری مەنهەج نەبووە، هەرگیز ئەوەم بیرنـاچێ و لە زۆر جێگەی تریش بـاســـم کردووە یەکێـک لە خوێنـدکـارەکـانم، ڕۆژێـک قسـەیەکی کرد قسـەکەی زۆر ڕاسـت بوو، بەڵام من لەبەر بەڕێوبەرە دواکەوتووەکەمان ناچاربووم لەویا پشـتگیری بەڕێوبەرەکە بکەم و دژی خوێندکارەکە قسە بکەم، چونکە ئەم مـامۆســـتـا بوو نە ئەکرا بڵێم ئەم هەڵەیە هەرچەنە تا سەر ئێسقان هەڵە بوو.

بەڕێوبەرەکەمـان کۆبونەوەی بە خوێندکارەکان کرد و باسـی سـاڵی تازە و سـەعیکردن و کۆمەڵێ قسـەی ڕۆتینی و دوبـارەی بۆ کردن، لە کۆتـای قســـەکـانیا وتی ئەبێ بۆ دەرەجە هەوڵبدەن و دەرەجە بێنن و زۆری وت بە جۆرێک دەرەجەی مـوقەدەس کـرد تەحەمـول نەئەکـرد جـوابـی

نەدەیتەوە، دوای کە تەواوبوو وتی ئێستا ئێوە کێ ڕا و بۆچونێکی هەیە؟

یەکێک لە خوێندکارەکانمان هەستا و وتی "مامۆستا دەرەجە هەموو شتێک نییە، مەرج نییە ئەوەی دەرەجەی بەرز بوو کەسێکی سەرکەوتووبێت و ئەوەی دەرەجەی نزم بوو کەسێکی دۆڕاو بێت، هەیە لە پۆلی ١٢ دەرەجەکەی ١٠٠ بەڵام لە کۆلێژی پزیشکی کەسێکی سەرکەوتوو نابێت، هەیشە دەرەجەکەی ٦٠ بەڵام کەسێکی سەرکەوتووە"

هەر وای وت و جەنابی بەڕێوبەر گەرم بوو و کەوتە مناقەشە لەگەڵ ئەو خوێندکارە و کەوتنە جوابدانەوەی یەکتر، من لەوێدا ئەمزانی کە قسەی خوێندکارەکە ڕاستە و بەڕێوبەرەکە تەنها کۆمەڵێ قسەی ڕۆتینی ئەکا، بەڵام چونکە مامۆستا بوو نەئەکرا لەویا بڵێم قسەی خوێندکارەکە ڕاستە، بە ناچاری پشتگیری عەقڵە دواکەوتوویەکەی بەڕێوبەرەکەم کرد و بە خوێندکارەکەم وت قسەکان تا ڕادەیەک ڕاستە بەس مادەم تۆ ئێستا

هـاتووی بۆ خوێنـدن کەواتە ئەبێ گرنگی بە دەرەجە بدەیت.

خۆم بڕوام بە قســەکانی خۆم نەبوو بەس بە ناچاری کردم، دوای گەڕاینەوە بۆ ئیدارە بەڕێوبەر خۆی تورەکرد و وتی ئێوە شــیرازەی تەلەبەتان تێکداوە و تەلەبە چۆن ئەبێ جوابی مامۆستا بداتەوە و ئا لەم قسانە، بڕێ قسـەم لەگەڵ کرد وتم بزانم ئەسڵەن چی ئەزانێ غەیری ڕۆتینات و قسەی دوبارە، زانیم ناگەم بە ئەنجام وازم لێهێنا و بەڵێم بۆ کرد بەس بۆ ئەوەی وازبێنێ.

چەند ڕۆژێک دواتر لەگەڵ خوێندکارەکە قســەم کرد و وتم قسـەکانی تۆ ڕاست بوو بەس ئەکرێ بە شـێوەیەکی جوانتر بیگەیەنیت، لەڕاستیا شـێوەی گەیاندنەکەشی هیچ عەیبی نەبوو، بەڵام من وام پێوت وتم با هەســت نەکات تەواو لەسـەر حەقە و کەس پشـتگیری ناکات، دواتر وتم ئەم قســانە لە کوێوە فێربووی؟ وتی: مـامۆسـتـا لە سیمینارێکی فلان کەس، لێرەوە بەتایبەت بۆ ئەو سیمینارە چووم بۆ سلێمانی.

نزیکی ٢ سەعات ڕێگا بۆ سلێمانی بەس بۆ ئەوەی بەشداری سیمینارێک بکات و شتێکی تازە فێربێت، ئەم هەوڵدان و حەز بە فێربوونە حەقی هاندان و دەستخۆشی هەیە نەک بتەوێ فکری دواکەوتووی خۆتی بەسەرا زاڵ بکەیت، لێرەدا ئەبوو نە ک بەڕێوبەر هەموو مامۆستاکان دەستخۆشیان لێ بکردایە چونکە بەبێ هیچ مەبەستێک بەتەنها بۆ فێربوونی شتێکی تازە ٢ سەعات ڕێگای بڕیوە، لەکاتێکا چەندین مامۆستا هەن هۆڵی سیمینارەکە بە هەمووی دە دەقە لە ماڵیانەوە دوورە تاقەتی نییە بچێ گوێ بگرێ و شتێک فێربێت، ئەم خوێندکارە و سەدەهای تر شایەنی دەستخۆشی و نرخاندنن بۆ بەردەوام بوون، بەداخەوە لای ئێمە نرخاندن هەر بۆ دەرەجە هەیە نەک بۆ هەوڵدانی فێربوون.

هەر لەم ساڵانەی دوای یەکێک لە خوێندکارەکانم پێی وتم لە ماوەی تەنها دوو مانگ ٤ کتێبی خوێندۆتەوە ناونیشانی کتێبەکانم وەرگرت زیاتر لە ٨٠٠ لاپەڕەی ئەکرد، دەستخۆشیم لێ کرد بەس بەو ڕادەیەش پێی سەرسام نەبووم کە بڵێی کارێکی زۆر گرنگی کردبێت،

وتم خۆ ئێوە لە بازاڕ دوورن چۆن کتێبتان دەســـەکەوێ، وتی هەر بە موبایل خوێندوومەتەوە، ٤ کتێب بە موبایل ئەمەیان کاریگەرە، یەکێ لە کتێبەکان زیاد لە ٤٠٠ لاپەڕە بوو، بۆ تەلەبەیە موبایلەکەی بۆ خوێندنەوە بەکاربێنێت ئەمە شـایەنی دەسـتخۆشـییە، بەڵام گرفتەکە لێرەدایە، کە ئەم خوێندکارە و چەندین خوێندکاری تریشـــم بەدزی بەڕێوبەرەوە کتێب ئەخوێننەوە! بەڵێ بەدزیەوە، نابێ ئەو بزانێت چونکە ئەو هەر دەڵێت خۆتان بە سەعیەوە خەریک بکەن و کتێب مەخوێننەوە.

ئەو خوێندکارانەمان ئەگەر نرخاندنیان بۆ بکرایە و هاندانیان بۆ بکرایە هیچیان لە خوێندکارانی قوتابخانە نمونەییەکان و خوێندکارانی ئەوروپا و ئەمریکا کەمتر نییە، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە هێشـــتا بەشـــێکی زۆری مامۆســـتا نەگەشـــتووە بەو ئاســـتەی لە گرنگی هاندان و لایەنی دەروونی خوێندکار تێبگات، لەوانەیە وشەیەکی تۆ وەک مامۆســـتا ژیانی خویندکارێک بگۆڕێت و بیکات بە گەورەترین داهێنەر، لەوانەشـــە وشـــەیەکت تەواو بیرو خێنێت.

ڕۆژێک دەفتەری خوێندکارەکانم سەح ئەکرد، بۆ یەکێ لە خوێندکارەکان کاتێک بۆم نوسی دەستخۆش ئافەرین، قسەیەکی کرد هەرگیز لەبریم ناچێتەوە، وتی مامۆستا خۆزگە مامۆستای فلان دەرزیش ئاوا یەکجار بۆی ئەنوسیتم ئافەرین!

خوێندکارێک با تەمەنیشی گەشتبێتە ١٨ ساڵ هێشتا هەر پێویستی بە هاندان و نرخاندنە، بۆ مامۆستا هیچی تێناچێ ئەگەر لە مانگێکا جارێک لەسەر دەفتەری خوێندکارەکەی بنوسێت ئافەرین، ئەم ئافەرینە تەنها وشەیەک نییە، ئەمە لەوانەیە دەرمانی زۆر دەرد بێت.

ئێمە کە مامۆستاین ئێستاش بە دەستخۆشی سەروو خۆمان شاگەشکە ئەبین، چەندین مامۆستا هەیە ساڵانە بە زۆر خۆیان داوا لە پەروەردە ئەکەن کە ڕێز و سوپاسیان بۆ بکات، باشە مامۆستایەک کە بەحساب تێگەشتوو و کامڵە ئاوا بکا بۆ ڕێز و سوپاس و نرخاندن، ئەی خوێندکارێک چۆن پێویستی پێی نییە؟!

کەواتە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە خوێندکارانی ئێمە نەبوونەتە داهێنەر و بەرهەمێکیان نییە کە ببێتە

ســــەرچاوە بۆ وڵاتانی تر ئەوەیە کە خوێندکارەکان هەر کارێکی باش بکەن هیچکات دەستخۆشی و نرخاندنیان بۆ ناکرێت، هان نادرێن بۆ بەردەوام بوون، بۆیە ئەوانیش ئەو وزەیەی هەیانە تەنها بەشـــی چەند ساڵێک ئەکات و ئیتر کۆتای دێت.

## نەبوونی سەرکێشی گەورە

لە کوردستانی کەسانی زۆر زیرەک و بەتوانامان هەیە لەبواری تەکنەلۆژیا و ژیری دەســـتکرد، بەڵام یەکێ تر لە هۆکارەکانی ئەوەی کە نەبۆتە ســـەرچاوە بۆ وڵاتانی تر و بەرهەمی گەورەی تایبەت بە خۆی نییە ئەوەیە کە تەواو بە ئامانجێکەوە گرێیانداوە و ناهێڵن ســـەرکێشـــی بکات، سەرکێشی لەبواری کاردا، لەبواری فێربوونی زانستێکی تازە، چونکە زۆرجار بۆ ئەوەی کەســـێکی گەورەت لێ دەرچێ پێویست بە سەرکێشی گەورە هەیە.

لە ســـاڵی ٢٠٠٣ مارک زوکەربێرگ لە زانکۆی هارڤارد کە لە دە زانکۆ یەکەمەکەی جیهانە وازی لە خوێندن هێنا و دەســـیکرد بە دروســـتکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، لە سەرەتادا فەیسبووک چەند بەکارهێنەرێکی

هەبوو، دوای ئەوە چەند سەد بەکارهێنەرێک، تا ئەمڕۆ کە بەکارهێنەرانی دوو ملیاردی تێپەڕاندووە، هەر لەم سالانەی دوای زانکۆی هارڤارد دکتۆرای فەخری بەخشی بە مارک زوکەربێرگ.

مارک زوکەربێرگ سەرکێشی بە ژیانی خۆیەوە کرد لە خوێندن، لە کاتێکدا کە لە بەناوبانگترین زانکۆی جیهان بوو، بەڵام وازی لە خوێندن هێنا و دوای ئامانجەکەی کەوت، سەرکەوتنەکەشی لە ئامانجەکەی بەدەستهێنا، لەکاتێکا ئەو وازی لە خوێندن هێنا تا ئامڕۆ زانکۆی هارڤارد ساڵانە هەزاران دەرچووی هەیە، بەس کامیان وەک مارک ناسران و بوونە خاوەن پرۆژە و کاری خۆیان و جیهانیان کۆنترۆڵکردووە؟!

لای ئێمە داهێنان و بوونە خاوەن کار و پرۆژە هەمووی ئەکرێت بە قوربانی بۆ دامەزراندنێکی حکومەت کە نییە ئەگەر هەشبێت مووچەکەی بەو جۆرەیە کە دیارە، یان نییە یان لە ساڵێکدا یەک دوو موچە نییە، ئەگەر هەشبێ تەنها بۆ مەسروفاتی ژیانە و بەشی پاشەکەوت ناکات.

لای ئێمە لە قوتابخانەکانەوە خوێندکار بۆ دامەزراندن فێرەکرێ، بەو جۆرە لە مێشـــکیا ئەیچەســـپێنن کە دوای ئەوەنە ساڵی تر خانەنشین ئەبیت و لە ماڵەوە دائەنیشیت و پارەت بۆ یەت، لەکاتێکا تۆ ئەبێ هەموو ژیانی بکەیتە قوربانی بە موچەیەکی کەم بەس بۆ ئەوەی کە دوای ٦٠ ساڵ ئینجا خانەنشین بیت؟!

کەواتە یەکێ تر لە کێشەکان ئەوەیە کە زۆرجار ژیانمان ئەبەســـتینەوە بە داهاتێکی کەم یا خەیاڵێکی خانەنشـــینی ئەمە وامـان لێ ئەکـات هەوڵ بۆ شـــتی تر نەدەین یـان نەتوانین هەوڵ بدەین، ئەگەر بتەوێ کاری ســـەرربەخۆ بکەیت ڕەنگە دەوامەکەت ڕێگربێت، بۆیە بڕیار ئەدەیت لە دەوامەکەت بە موچەیەکی جێگیر بەردەوام بیـت، ئەمەیە توانای داهێنان و بوونە خاوەن کاری خۆت و فراوانکردنی سەرچاوەی داهاتت ئەکوژێت.

ئەگێڕنەوە ئەڵێن لە کۆمەڵێ دز و چەتە و ڕێگر هەبوون، پلانیـان دانـا بچنە گونـدێـک لەوێ دزی بکەن، چوونە گوندەکە زانیتیان خەڵکی گوندەکە خەڵکێکی ڕوو لەخوا و دیندارن، بۆیە پلانەکەیان وا دارِشـــت و کە خۆیان بکەنە

شێخ و مەلا و مورید، سەرۆکی دزەکان خۆی کرد بە شێخ و ئەوانی تریش مورید، لەناو خەڵکی گوندەکە دەنگۆ بڵاوبۆوە کە ئەمانە هاتوون شێخێکیان لەگەڵە زۆر پیاوێکی دیندار و چاکە و دوعای قبوڵە، ڕۆژانە خەڵکی گوند ئەهاتن بۆلای بۆ دوعا و چارەسەری کێشەکانیان.

ڕۆژێک ژنێک هات بۆلای شێخ و وتی ڕزقمان کورتە پارەمان کەمە و هەرچی پەیای ئەکەین ڕۆژانە بەس بەشی ژەمێ خواردن ئەکات دوعایەکمان بۆ بکە با تۆزێ ڕزقمان فراوان بێت، شێخ وتی سەرچاوەی داهاتتان چییە؟ چ ئیشێک ئەکەن؟

ژنەکە: تەنها دوو سەر بزنمان هەیە ڕۆژانە ئەیدۆشین و بەرهەمەکەی ئەفرۆشین ئیتر هیچی ترمان نییە.

شێخ وتی باشە، تۆ بڕۆرەوە و خەم نەبێت.

هەر کە ژنەکە ڕۆشتەوە شێخ بە دوان لە موریدەکانی وت ئەمشەو بچن ئەو دوو بزنەی لێ بدزن، موریدەکان وتیان چۆن شتی وا ئەبێ ئەو هاتووە دوعای بۆ بکەی ڕزقی فراوان بێت، فەقیرە هەر ئەو دوو بزنەی هەیە ئەویش ببەین خۆ ئەمرن لە برسا، شێخ وتی ئەمشەو ئەوە

بکەن و حەقتان نەبێت، دوو موریدەکە بەقسەیان کرد و شەو چوونە سەر ماڵی ژنەکە و بزنەکەیان لێ دزی.

پاش چەند مانگێک ژنەکە بەڕوویەکەی خۆشەوە هاتەوە بۆ لای شێخ و دەستخۆشی لێکرد و وتی ئەوە چەند مانگێکە تەواو ژیانمان گۆڕاوە و ئیشی تازەمان دەسکەوتووە و ڕزقمان تەواو فراوان بووە.

کاتێ ڕۆشتەوە موریدەکان سەریان سوڕما، وتیان باشە خۆ ئەو هەر ئەو دوو بزنەی هەبوو، ئەوەشمان دزی ئیتر چۆن ڕزقی فراوان بوو؟!

شێخ وتی: ئەو چەند ساڵە دانیشتووە بەلای ئەو دوو بزنەوە، بەهۆی ئەوەوە هیچ ئیش و کاری تری نەکردووە و وایزانیوە هەر ئەو دوو بزنە سەرچاوەی داهاتە، بۆیە وتم بزنەکانی لێ بدزن، با بچێ هەوڵ بۆ کاریکی تر بدات، ئەوەتا بزنەکانی نەما بە ناچاری بەدوای کارێکی ترا ڕۆیشت و کارێکی باشتری دەسکەوت.

لەم نمونەیەوە بۆمان دەرەکەوێ کە ئەو دوو بزنە لە ژیانی زۆربەمان هەیە، ئەو دوو بزنە زۆربەمانی ڕاگرتووە و نەیهێشتووە هەوڵ بۆ کاری تر بدەین، ئەو دوو بزنە

ئەگونجێ تەعیناتی حوکمەت بێت، ئەگونجێ ئیشێکی داهات کەم بێت، ئەگونجێ قوتابخانەیەک بێت و نەتەوێت لێوەی نەقڵ ببیت، ئەو دوو بزنە ئەگونجێ زۆر بەربەستی ژیانمان بێت کە ئێمە خۆمان پێوە گرێداوە.

## نەبوونی پاڵپشتی بەردەوامی حکومەت

حکومەت تا ڕادەیەک کەمتەرخەمە لە ناساندن و پشتگیری ماددی و مەعنەوی گەنجانی خاوەن پرۆژە، ئەگەر پشتگیریشی بکات، پشتگیرییەکەی بەردەوام نییە لەوانەیە تەنها بۆ پێشانگایەکی نمایشکردن بێت، یا پاڵپشتییەکی ماددی سنوردار کە نەتوانرێ پرۆژەکانی پێ گەورە بکرێت و شوێنی گونجاوی بۆ دابین بکرێت، چونکە هەر پرۆژەیەکی گەورەی تەکنەلۆژی پێویستی بە داتا سەنتەر و سێرڤەری گەورە هەیە، جگە لە مەسروفاتی تر.

## بچووککردنەوەی بەرهەمەکان لەناوخۆدا

زۆر پرۆژە و پرۆگرامی گەورە و ناوازە هەن کە لە کوردستان دروستکراون، بەڵام هەندێ جار بەهۆی هەستێکی نیشتمانپەروەری، خاوەن پرۆژەکان وا دەکەن بەرهەمەکانیان بەتەواوی کوردی بێت و زمانی سەرەکی

پرۆژەکە ئەکەنە کوردی، ئەمەش بەرهەمەکە نـاوخۆیی دەردەخات و ســـنورێکی بۆ دائەنێت کە نەبێتە جیهانی و وڵاتانی تر بە ئاسانی پێی نەگەن.

## لەکوێوە دەسپێبکەم؟

بۆ فێربوونی پرۆگرامســـازی و بابەتەکانی کۆمپیتەر و ئینتەرنێت تا ڕۆژێک زوتر دەســـپێبکەی باشـــترە، ڕۆژێک دوابکەوی لەوانەیە یەک مـانـگ و یەک ســـاڵ بـاجەکەی بـدەیـت، یەک کـاتژمێر زوتریش دەســـپێبکەی لەوانەیە مانگێک زوتر ئەنجامەکەی ببینیت، چونکە بواری کۆمپیتەر و پرۆگرامسازی بەردەوام لە نوێبونەوەدایە ئەگەر لەگەڵی نەڕۆیت دوائەکەویت، بەردەوام پێویســـتە لەگەڵی بڕۆیت تا بە گۆڕانکاریەکان ئاشـــنابیت و ڕێگاچارە بۆ گرفتەکان بدۆزیتەوە.

ئەگەر لەبواری کۆمپیتەر ئاستی سـەرەتایت، واباشـترە یەکەمجار لە فێربوونی ویندۆزەوە دەسـپێبکەیت، پاشــان بەرنامە سـەرەتاییەکان کە بۆ هەموو کەس پێویسـتە وەک بەرنـامەکانی مـایکرۆســـۆفت وۆرد، پاوەرپۆینت، ئیکزڵ،

دواتر خۆت فێری زمانەکانی پرۆگرامسازی بکەیت و پرۆگرام دروست بکەیت.

بۆ ئەوەی سەرەتا لێی بێزار نەبیت و زوو ئەنجامی کارەکانت ببینیت پێشنیار ئەکەم لە زمانی سیشارپ و دروستکردنی بەرنامەی کۆمپیتەر بە ڤیژوەل ستۆدیۆ دەستپێبکەیت، چونکە بۆ دروستکردنی بەرنامە زۆر ئاسانە و زوو دەست بە کۆد نوسین ڕادێت، دواتر کار لەسەر هاردوێر بکەیت وەک ئاردوینۆ بۆ جێبەجێکردنی کردارەکانی پرۆگرامسازی لەسەر ئامێرەکان، لەوێشەوە فێری زمانێکی نوێ دەبیت وەک سی پڵەس پڵەس. (ئەتوانن لە کتێبی سەرەتایەک بۆ بەرنامەسازی لە ڤیژوەل بەیسک دەسپێبکەن، دواتر کتێبی ڕۆبۆتسازی بۆ ئاستی سەرەتا بخوێننەوە کە وێنەکەی لە بەرگی ئەم کتێبە هەیە)

## زمانەکانی پرۆگرامسازی چییە؟

کاتێک تۆ ئەچیت بۆ وڵاتێکی تر بۆ ئەوەی کارەکانی خۆت جێبەجێبکەیت، ناچاریت خۆت فێری زمانی ئەو وڵاتە بکەیت، چونکە بە زمانی خۆت ناتوانیت ئیش و کارەکانت بەڕێبکەیت لەبەرئەوەی کەسانی چواردەرت لێت تێناگەن، بۆیە بە ناچاری خۆت فێری زمانی ئەو وڵاتە دەکەیت، هەر هەمان مەبەست و داواکاری کە بە زمانی

خۆت هەتە ئەیکەیت بە زمانی ئەو ولاتە بەو جۆرە کارەکانت بەڕێدەکەیت، بواری کۆمپیتەریش ڕێک بەو جۆرەیە، کۆمپیتەر زمانی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ ئەوەی کارێک بکەیت پێویستە ئەو مەبەستەی کە دەتەوێت وەرگێڕانی بۆ بکرێت بۆ زمانی کۆمپیتەر، وەرگێڕانەکە پێی دەوترێت کۆمپایلەر، ئیشی کۆمپایلەر ئەوەیە قسەی ڕۆژانەی ئێمە یا مەبەستەکەی ئێمە ئەگۆڕێت بۆ زمانی کۆمپیتەر.

کۆمپیتەر بە گشتی بە سیستەمێک کار دەکات پێی دەوترێت سیستەمی دوانی (باینەری) واتە تەنها لە دوو ژمارە پێکدێت کە ئەوانیش ٠ و ١ واتە هەر کۆد و فەرمانێک ئێمە ئەیدەین بە کۆمپیتەر کۆمپیتەر ئەبێ بیگۆڕێت بۆ زنجیرەیک لە ٠ و ١ ئینجا لێی تێدەگات، بۆ هەر پیتێک یا ژمارەیەک چەند ژمارەیەک لە ٠ و ١ دروستەکات، بۆ نمونە ئەگەر بنوسین ب ئەم پیتە کە ئەگۆڕێت بۆ زمانی کۆمپیتەر ئەبێت بە ١١٠٠٠١٠١٠٠٠ و ئەگەر بنوسین "چۆنی" ئەم وشە کە ئەبێت بە سیستەمی باینەری ئەبێتە ١١٠١٠٠٠٠١١٠ ١١٠١١٠٠٠١١٠

١١٠١١٠٠١١٠٠ ١١٠٠١٠٠٠١١٠ بەهەمان شـێوە بۆ هەر پیت و ژمارەیەک کە ئەینوسـسین کۆمپیتەر ئەیگۆڕێت بۆ ئەو دوو ژمارە و ڕێکخستنی بۆ ئەکات.

## بیرکاری بنچینەی کاری پرۆگرامسازی

بیرکـاری هەر ئەو وانەیە نەبوو کە لە قوتـابخـانەکـان ئەمانخوێند، بەڵکو زۆر لەوە زیاترە و بنچینەی کارکردنی کۆمپیتەر و تەکنەلۆژیـاکـانی تری جیهـانە، ئێمە وامـان دەزانی بیرکـاری هەر لێکـدان و دابەش و کۆکردنەوە و لێـدەرکردنە، تـا گەشـتینە قۆنـاغی ئـامـادەیی دواتر بە لاسەنگە و ساین و کۆساین ئاشنا بووین، لە پۆلی دوانزە زیاتر بە وێنە و هاوکێشە و دۆزینەوەی لاری ئاشنابووین، بەڵام بیرکاری لەمەوە ناوەستێت، بەڵکو ئەتوانین بڵێین بۆ کاری پرۆگرامسـازی و تێگەشـتن لە بنچینەی کارکردنی کۆمپیتەر بیرکاری لێرەوە کاری خۆی دەکات.

بۆیە پێش هەموو شـت پێویسـتە یەکەم حەزمـان بۆ بواری بیرکـاری هەبێت، دووەم هەوڵی فێربوونی بدەین، چونکە بۆ کاری پرۆگرامسازی پێویستییە.

## بیرکاری لە کۆمپیتەردا چۆن کاردەکات؟

بەهۆی بیرکاری و یاساکان و هاوکێشەکانەوە ئەو وێنە و مەبەستەی ئێمە دەمانەوێ دەگۆڕێن بۆ ژمارە، ژمارەکەش لەنێوان ٠ و ١ دا دەبێت، چونکە کۆمپیتەر تەنها لەم دوو ژمارە تێدەگات، ئەمەش لەگەڵ بابەتی فیزیای کارەبایی و ئەلکترۆنی یەک دەگرێتەوە، چونکە دواتر ئەو دوو ژمارە ئەبنە دوو نیشانەی کارەبایی، ژمارە ٠ نیشانەیە بۆ نەبوونی ڤۆڵت یا کارەبا، ژمارە ١ نیشانەیە بۆ بوونی ڤۆڵت یا کارەبا، دواتر کە زنجیرەیەک ٠ و ١ دروستەبێت، واتە زنجیرەیەک لە بوون و نەبوونی کارەبا دروستەبێت، دواتر ئەم پرۆسەیە وادەکات کۆمپیتەر کارەکان پیشان بدات، لەماڵەوە بۆ هەڵکردن و کوژانەوە گڵۆپێک یا پێدانی کارەبا بە هەر ئامێرێک سویچ پلاکی میکانیکی بەکاردێنین واتە بە دەست کارەکە دەکەین، بەڵام لە کۆمپیتەر هەمان کار بە شێوەی ئەلکترۆنی دەکرێت ئەویش لەڕێگەی ترانزستەرەکان و دواتر بە پێکەوبەستنی ترانزستەرەکان لۆجیک گەیتەکان دروست دەبن، بەو جۆرە لە ماوەیەکی کەم زنجیرەیەکی هەڵکردن

و کوژانەوە دروست دەبێت. (ئەم بابەتە زۆر ئاڵۆز و وردە پێم باشە تەنها ئەوەنەی لێرە باسکراوە، زیاتر دریژەی پێنەدەم تا لە بابەتەکە دەرنەچین، لایەنی فیزیای لە کتێبی فیزیای ئەلکترۆنی تا ئاردوینۆ باسمان کردووە)

## زمانەکانی پرۆگرامسازی

زمانەکانی پرۆگرامسازی پێکهاتوون لە کۆمەڵێ کۆد و ڕستە و فەرمانی جیاواز کە لەلایەن مرۆڤەوە دروستکراوە بۆ ڕێنمایکردنی کۆمپیتەرەکان بۆ ئەنجامدانی کارەکان، وەکو وەرگێڕێک لەنێوان مەبەستی مرۆڤ و کۆمپیتەر کاردەکەن، بە جۆرێک کە مەبەست و داواکاری ئێمە ئەکەن بەو شێوازەی کە کۆمپیتەر لێی تێدەگات بەو جۆرەش کۆمپیتەر کارەکەمان بۆ جێبەجێ دەکات.

بۆ ئەوەی کۆمپیتەر بتوانێت لە مەبەستەکەمان تێبگات، زمانەکانی پرۆگرامسازی هەریەکەیان یاسا و وشە و ڕستە و ڕێزمانی تایبەت بە خۆیان هەیە کە ئێمە دەبێت بەپێی ئەو یاسایانە پرۆگرام بنوسین تا هەڵە ڕرونەدات، وەک چۆن لە ڕێزمانی کوردی ڕستەی مەرجی و ئەگەر و ڕابردوو و ڕانەبردوومان هەیە کە لەمانە تێگەشتین لە قسەکردن تێدەگەین، زمانەکانی پرۆگرامسازیش وایە

ڕســـتە و یاســـای تایبەت بە خۆی هەیە، هەر یاســـا و ڕستەیەکیش فەرمان و ئەنجامێکی تایبەت بە خۆی هەیە.

لە کام زمانەوە دەسپێبکەم؟

بۆ دەســـپێکردن بە کاری پرۆگرامســـازی واباشـــترە لە ئاســـانترین زمانەوە دەســـپێبکەیت، ئاســـانی زمانەکەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ئەگۆڕێت کەســی وا هەیە ئەڵێ زمانی HTML لای من ئاســـانە، هەیە ئەڵێ ســـیشـــارپ ئاســانترە، بەپێی کەسەکان و ئەو پرۆگرامانەی ئەیانەوێ دروستی بکەن ئەگوڕێت، بەڵام بەپێی زۆرترین سەرچاوە، ئاســـانترین و بەربڵاوترین زمان لە ســـاڵی ٢٠٢٥ زمانی پایســـۆن بووە، جگە لەوەش زمانی پایســـۆن بە زمانی ســـەرەکی دادەنرێت بۆ دروســـتکردنی تولەکانی ژیری دەستکرد، بۆیە ئەکرێ بۆ شارەزابوون لە ژیری دەستکرد و ئاســانترین و بەهێزترین زمان زمانی پایسۆن پێشنیار بکەین، بەڵام پێشتر بۆ ئەوەی دەرئەنجامەکان زوو ببینین و بە ئاسانی چەند پرۆگرامێک دروستبکەین وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا زمانی ســـیشـــارپ و بەرنامەی ڤیژوەل

ستۆدیۆ ئاسانتر و باشترە بۆ دەسپێک و تێگەشتن لە کۆد.

## توڵەکانی ژیری دەستکرد

لەم بەشەدا چەند چات و توڵێکی ژیری دەستکرد ئەناسێنین کە هەریەکەیان بۆ مەبەستێک زیاتر بەکاردێت و هەریەکەیان لە بابەتێک تایبەتمەندی زیاتری هەیە، لەگەڵ لایەنە ئەرێنی و نەرێنی هەریەکەیان.

دیپ سیک Deepseek

چاتی دیپ سیک یەکێکە لە بەهێزترین چاتەکانی ژیری دەستکرد، کە پاڵپشتی زمانی کوردی دەکات، لە ساڵی ٢٠٢٣ بڵاوکرایەوە.

لایەنە باشەکانی ئەم چاتە

ئەم چاتە بەخۆڕاییە واتە بۆ کارکردنی پێویستی بە پارە نییە، زۆر بە باشی لە زمانی کوردی تێدەگات، زۆر باش لە مەبەستیش تێدەگات واتە ئەزانێت کە ئەو پرسیارەی لێی دەکەیت مەبەست لە پرسیارەکە چییە بەپێی مەبەستەکەی تۆ وەڵام ئەداتەوە.

لایەنە خراپەکانی ئەم چاتە

پێشـــتر بەهۆی لۆدێکی زۆرەوە زوو زوو ئەوەســـتا و توانـای وەڵامـدانەوەی زۆر خێرا نەبوو، بەڵام ئێســـتـا تـا ڕادەیەک ئەوەش چارەوەر بووە. (لەکاتی نوسینی ئەم بەشە جارێکی تر لۆدی کەوتەسەر و وەستایەوە)

ناتوانێ وێنە و ڤیدیۆ دروســـت بکات، ناتوانێت وێنە و ڤیدیۆ شـــیکاری بکات واتە لەســـەر بنەمای وێنەیەک یا ڤیـدیۆیەک نـاتوانیـت داوای یـارمەتی لێ بکەیـت، مەگەر وێنەیەک کە دەقێکی تیابێت و خۆی دەقەکە جیابکاتەوە.

## خوێنـدکـاران چۆن ئەتـوانن ســـود لەم چـاتە وەربگرن؟

دیســـپ ســـیک یەکێکە لە چـاتە زۆر بـاشـــەکـان بۆ ســـیکارکردنی پرســـیاری وانەکانی قوتـابخـانە بەتایبەت بیرکاری، فیزیا، ئینگلیزی، بەڵام بۆ وانەی کوردی لەوانەیە زۆر دەقیق نەبێت لە وەڵامـدانەوە ئەویش لەبەر نەبوونی ســـەرچـاوەی کوردی دەوڵەمەن لە ئینتەرنێت، بەڵام بۆ بیرکاری و فیزیا و وانەکانی تر ئەتوانن زۆر ســـودی لێ

وەربگرن، ئێستاش باسی ئەوە دەکەین چۆن بۆ وانەکان بەکاری بێنین کە وەڵامی ڕاست و دروستمان دەسکەوێت.

پێش هەموو شت ئەبێ لەکاتی پرسیارکردن لەم چاتە بۆ هەر بابەتێک شێوازی کارکردن و تێگەشتنی بخەیتە سەر ئەو بابەتە، بۆ نمونە ئەگەر بتەوێ پرسیاری هاوکێشەیەکی لێ بکەیت یا پرسیارێکت بۆ شیکار بکات، ئەو پرسیارە ئەگەر لە کتێبی قوتابخانە لە وانەکانی فیزیا هەبێت، تۆ لێرە پرسیارەکەی بۆ بنێری ئەو لەڕووی بیرکاریەوە وەڵامت بداتەوە، چونکە هاوکێشەکان و پرسیارەکان ئەگەرچی ئەنجامیشیان یەک ئەنجام بێت، بەڵام ئەگونجێ بوارەکانیان جیاواز بێت، بۆیە پێویستە سەرەتا وا لە چاتەکە بکەیت کە بزانێت لەسەر چ بابەتێک هاوکاریت بکات بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا بنوسە ئەتوانی پرسیاری فیزیا شیکار بکەیت




وەڵامت دەداتەوە و هەندێ زانیاری سەرەتایشت لە فیزیا پێدەڵێت، بەم شێوە لەم چاتەیا هەر پرسیارێکی لێ بکەیت لەڕووی فیزیایەوە وەڵامت ئەداتەوە و وەڵامەکەی ئەوەیە کە تۆ ئەتەوێت، ئەگەر بتەوێت پرسیارێکی بیرکاری لێ بکەیت، پێشتر بۆی بنوسە ئەتوانیت پرسیاری بیرکاری شیکار بکەیت؟ بەم جۆرە گەڕان و تێگەشتن و وەڵامەکانی لەڕووی بیرکاریەوە دەبێت، هەتا چەند ساڵی تریش بچیتەوە هەمان چات و پرسیاری هەر شتێکی تری لێ بکەیت وەڵامەکەت بۆ ئەبەستێتەوە بە بیرکاریەوە، بەڵام ئاگاداربە ئەم چاتە چونکە وڵاتی چین دروستی کردووە هاوکێشە بیرکاری و فیزیایەکانی ئەو هێمایانەی تیا بەکارهاتووە دەقا و دەق وەک ئەوە نییە کە لە کتێبی

قوتابخانە دەخوێنرێت، جیاوازیەکی کەمی هەیە، بۆ نمونە یاسای دۆزینەوەی خێرایی کۆتایی کە لە فیزیای پۆلی ١١ هەیە لە کتێبەکان نوسـراوە $v_f^2 = v_i^2 + 2ax$ یان لەبری x نوسراوە دەلتا x، بەڵام لەم چاتەیا ئەنوسرێت

$$v^2 = u^2 + 2as$$

تێبینی بکە هێمای خێرایی سـەرەتایی کردووە بە پیتی یوی ئینگلیزی، هێمای خێرایی کۆتای هەر بە ڤی داناوە، دەلتا ئێکسی کردووە بە ئێس.

بۆیە ئەو گۆڕانکارییە بچوکانەی هەیە ئەبێ ئاگاداری ئەوە بن و دوای وەرگرتنی وەڵامەکان وەڵامەکان پشتڕاست بکەنەوە.

چات جی پی تی ChatGpt

چات جی پی تی یەکێکە لە چاتە زۆر پێشکەوتووەکان، ژیری دەستکرد لەناو کورد زیاتر دوای بڵاوبونەوەی چات جی پی تی ناسرا، چات جی پی تی شۆڕشێکی تەکنەلۆژی بوو، ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوکرایەوە، ئەوکات ئەیانوت ئەم چاتە هاتووە منافەسەی گوگڵ دەکات.

لایەنە باشەکانی ئەم چاتە

ئەم چاتە ئەتوانیت وێنە و ڤیدیۆی پێ دروست بکەیت، لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان زۆر ورد و خێرایە.

لایەنە خراپەکانی ئەم چاتە

ڤێرژنە بەرزەکانی بە پارەیە، لە ڕۆژێکدا ئەتوانیت ڕێژەیەکی دیاریکراو وێنەی پێ دروست بکەیت.

کلاود Claude

ئەم چاتەش یەکێکی ترە لە چاتەکانی ژیری دەستکرد، ئەمیان بۆ زۆر بوار بەکاردێت لەبەرئەوەی هەم خۆڕاییە، هەم ئەتوانێت وێنە و دیزاین بکات، ئەتوانێت وێنە و ڤیدیۆش شیکاری بکات، واتە شتێکت لایە وێنەیەکی بگرە و بۆی بنێرە باسی وێنەکەت بۆ دەکات، کێشەت لە

شوێنێک هەیە وێنەی شوێنەکەی بۆ بنێرە و پرسیاری لێ بکە لەسەر وێنەکە وەڵامت ئەداتەوە.

لایەنە باشەکانی ئەم چاتە

بۆ ئەو کەسانەی کە کاریان بە دیزاین هەیە ئەم چاتە زۆر باشە بۆ بواری دیزاین، بۆ نمونە بۆ دروستکردنی دەفتەرپلانی مامۆستایان کە بە ئاسانی ئەتوانیت دەفتەرپلانی پێ دروست بکەیت و بەپێی داواکاری خۆت ڕەنگ و دیزاینەکەی دیاری بکەیت بە چەند چرکەیەک بۆت دەکات.

لەبواری پرۆگرامسازی و کۆد نوسین زۆر باشە و ئەتوانیت بە کوردی قسەی لەگەڵ بکەیت و داواکاریەکەتی پێ بڵێیت کۆدەکانت بۆ ئەنوسێت.

لایەنە خراپەکانی ئەم چاتە


بەشێک لە کارەکانی بە پارەیە و ڕۆژانەی سنورداره.

## مامۆستایان چۆن ئەم چاتە بەکاربێنن؟


ئەم چاتە بەهۆی ئەوەی دیزاینەکەی زۆر جوانە، مامۆستایان ئەتوانن سودی لێ وەرگرن بۆ دروستکردنی دەفتەر پلانی وانەکان، چونکە جگە لە دیزاین خۆی ڕونکردنەوەی زیاتر و ڕێگای باشتریشت بۆ دادەنێت بۆ پلانی وانەکەت.


تەنها ئەوەنە ناوی وانەکەی پێ بڵێ لەگەڵ بابەتی ئەو ڕۆژە کە دەتەوێت لەگەڵ ناوی خۆت و کاتی وانەکە، ئیتر خۆی کاتەکەت بۆ دابەش ئەکات بۆ چالاکی و لێپرسینەوە و باسکردنی وانەکە، ئامانجی وانەکەشت بۆ دەنوسێت بۆ نمونە ئێستا ئێمە بۆمان نوسی دەفتەر پلانێکم ئەوێت بۆ وانەی کوردی بۆ بابەتی جێناوی لکاو، کاتی وانەکەم ٣٠ خولەکە، با دیزاینی دەفتەر پلانەکە ڕەنگی سەوز و شین بێت.


ئەمەی بۆ دروست کردم کە لە لاپەڕەی دواترە




لێرەدا ئامانجی وانەکەی بۆ نوسیم، لە دواتر ناوەڕۆکی وانەکەشی بۆ نوسیوم کە چۆن کاتەکەم دابەش بکەم، دواتریش ئەو چالاکیەنی بۆ ئەو وانە گونجاوە بۆی داناوم.






## چی تر ماوە بیکات؟!

جیمینای Gemeni

ئەمیش یەکێکە لە چاتە زۆر باش و زیرەکەکان، بۆ قوتابیان باشی ئەمە ئەوەیە کە هێما و هاوکێشەکان ڕێک وەک ئەوە وایە کە لە قوتابخانە دەخوێنرێت، لەڕوویەکەی ترەوە ئەمە زانیاری کوردی باشترە و ئەو سەرچاوانەی بەکاری ئەهێنێت لە کوردی خۆمانەوە نزیکترە.

پێشتر ناوی کتێبێکم لە دیسپ سیک پرسی وتم هی کێیە و باسی چی دەکات، هەندێ زانیاری بۆهێنام هیچ پەیوەندی بەو کتێبەوە نەبوو، ئیتر نازانم ئەو زانیاریانەی لەکوێوە هێنابوو، بەڵام هەمان پرسیارم لە جیمینی کرد، ئەم زۆر بە جوانتر وەڵامی دایەوە و ناوی نوسەرەکەی بە ڕاستی وت و ناوەڕۆکی کتێبەکەی باسکرد کە باسی چی دەکات، ناوەڕۆکی کتێبەکە کە باسی دەکرد هەمان ئەو پۆستانەبوو کە نوسەر لە فەیسبووکەکەی خۆی پۆستی کردبوو، واتە ئەتوانین بڵێین ڕێک زانیارییەکانی لە فەیسبووکەوە هێناوە.

z.ai

ئەمەش یەکێکی ترە لە ژیری دەستکردە زۆر باشەکان بۆ دروستکردنی سلایدی پاوەرپۆینت و سیمینار زۆر بەسودە.

توڵەکانی ژیری دەستکرد زۆرن، پێم باشە خوێنەر خۆی گەڕان بەدوای توڵەکانی تر بکات بە دەسپێکی خۆپێگەیاندنی زیاتر لەڕێی ئەم تەکنەلۆژیاوە و بەدواداچوونی بۆ بکات، چەن توڵێکی تر هەن کە کارئاسانی زۆر زیاتر دەکەن وەک خوێندنەوە و پێدانی پوختەی کتێبێکی زیاد لە ٢٠٠ لاپەڕەیە بە چەند چرکەیەک، تەنها ئەوەنە لەسەر تۆیە فایلی کتێبەکەی بە پی دی ئێف یان وۆرد بۆ بنێرە لە ماوەی دوو سێ چرکە پێتەڵێ ئەو کتێبە کێ نوسیویەتی و ئامانجی لەو کتێبە چی بووە و باسی چیدەکات.

چەند توڵێکی ترمان هەیە بۆ گۆڕینی نوسین بۆ قسەکردن و بە پێچەوانەشەوە قسەکردن ئەکات بە نوسین، توڵێ تر هەن بۆ وەرگێڕانی زمان بە ڕاستەوخۆ بەشێوەی قسەکردن و نوسین.

# کیو ئاڕ کۆدی تولەکانی ژیری دەستکرد

**دیپ سیک**

**کلاود**

**چات جیپیتی**

**جیمینی**

z.ai

# کۆتای

ژیری دەستکرد ناوەستێت و بەردەوام لە نوێبونەوەدایە، باسکردنی ژیری دەستکرد و تایبەتمەندییەکانی بە کتێبێک تەواو نابێت، چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تایبەتمەندی و ئاسانکاری زیاتر دێتە مەیدانەکە، بەڵام ئەکرێ ئەمە دەسپێک بێت و خۆت لەگەڵیا بڕۆیت.

هیوادارم پێش هەموو چین و توێژەکانی تر مامۆستایان خۆیان لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە بسازێنن و خۆیان فێربکەن، دواتر هەوڵبدەن خوێندکارەکان فێربکەن و بەرپرسیارێتی سەرشانیان جێبەجێ بکەن، نەک لە خوێندکاری قەدەغە بکەن.

هەر تەکنەلۆژیا و ئاسانکارییەک کە بڵاودەبێتەوە ئەگونجێت لایەنی خراپە و باشەی هەبێت، ناکرێ لایەنە خراپیەکانی بکەین بە بیانوو و خۆمان لە باشیەکانی بێبەش بکەین، بە پێچەوانەوە ئەبێ هەوڵدەین لایەنە باشیەکانی زیاتر بڵاوبکەینەوە تا ئەوانەی بەدوای لایەنە

خراپیەکەی کەوتوون بشـارینەوە و مەجالی دەرکەوتنیان نەبێت.

ان شـــاء الله ئەگەر کات و دەرفەت هەبوو لە داهاتوودا لەڕێی خول و ســـیمینـار و بەرگی دووەمی ئەم کتێبەوە زیاتر ئەچینەو ناو وردەکاری ژیری دەستکرد.

لەکۆتایدا ئەڵێم لەم سەردەمی تەکنەلۆژیا
یەک ڕۆژ بوەستیت تەمەنێک جێئەمێنیت

ئالان قەرەداغی
سلێمانی
٢٠٢٦/٢/١١